MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای
موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

سیرجی. ج. ئیدموندز

# کێشەی کورد

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل

هەولێر – 2008

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

# • کێشەی کورد

• نووسینی: سیرجی. ج. ئیدموندز

• وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل

• نەخشەسازی ناوەوە: هەردی

• پیتچنین: محمەد مەمەند

• بەرگ: موراد بەهرامیان

• ژمارەی سپاردن: (2693) ساڵی 2008

• نرخ: () دینار

• چاپی یەکەم : 2008

• تیراژ: 1000 دانە

• چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (343)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

**موحازەرەی مستەر س. ج. ئیدموندز لەبارەی کێشەی کورد کە لە رۆژی 1966/10/25 لە لەندەن لە کۆمەڵەی پاشایەتی ئاسیای ناوەڕاست پێشکەش کرا**

## جەنگی کوردەکان لە عێراق و

## پلانێک بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی

**ئەمە گوتارێکە کە لە کۆمەڵەی پاشایەتی ئاسیای ناوەڕاست لە (25)ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1966 پێشکەش کرا و لە ئاکامی ئەمەدا سەرۆکی کۆمەڵە (میداڵی یادگاریی سیر پیرسی سایکس)ی پێشکەش بەمستەر ئیدموندز کرد.**

بەر لە یەك ساڵی تەواو، بەهۆی ئامادە نەبوونی سەرۆك هەلی ئەوەم دەستکەوت کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵە بکەم کە بۆ گوێگرتن لە موحازەرەیەکی بەنرخی ڕۆژنامەنووسێکی دەرکەوتووی ئەمریکی بە ناوونیشانی (پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی جەنگی کوردەکان) بەسترا. لە کۆتایی موحازەرەکەدا کاتێك کە هەستام بە کۆتایی هێنان بە کۆبوونەوەکە رایەکم خستەڕوو کە دۆزی کورد لە عێراقدا لەو دۆزە ئاڵۆزانە نییە کە چارەسەکردنی کارێکی سەخت بێت و لە حاڵێکدا ئەگەر دەرەتانی ئەوە هەبێ قەناعەت بە هەیئەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ کە موداخەلە بکا ئەوا ناوبژیوانێکی لە کارزان هەموو بنەمایەکی سەرکەوتنی لە ئەرکی بەرقەرارکردنی ئاشتی لەبەردەستدا دەبێ. من ئەم روانینەی خۆم لەسەر ئەم بنەمایە بنیاتناوە کە لە عێراقدا هیچ چەشنە رقێکی نەتەوەیی و بوغزوکینەیەکی نەژادیی لە بەینی عەرەب و کورددا نییە و کوردەکان لە رووی مێژوویی، دەستووریی بەردەوام، و قبوڵکردنێکی سەرتاپاییەوە مافی خۆیانە کە لە عێراقدا وەزعێکی تایبەتیان هەبێ و بەدوا ئەمەشدا خاڵی نالێکیی لە دیاریکردنی مەودای بەهرەمەند بوونی کوردەکان لەو وەزعە تایبەتییەدا قەتیس دەبێ.

لە پەندێکدا هاتووە دەڵێ (ان مثقالا من الممارسة خير من قنطار من النصائح) ئەگەر مۆڵەتم بدەن دەمەوێ ئەمڕۆ بە دوو ئەو ئاخاوتنەی خۆمدا بچم کە لەو خاڵەی ئەو رۆژە کۆتاییم پێ هێنابوو، دەست پێبکەم و شتە گشتییەکان کە باق و



بریقیان هەیە فڕێدەمە لاوە و بگەڕێمەوە سەر واقیعی حاڵ و نەخشەی ئەو هێڵە گشتییانەی پلانەکە بکێشم کە باوەڕم وایە (ناوبژیوانی نێودەوڵەتی) ناوبراو دەبێ پەیڕەویی لێبکا بۆ ئەوەی ناوبژیوانییەکەی بە سەرکەوتن کۆتایی بێت.

من واهەست دەکەم، ئەم کارە لە لایەن کەسێکەوە کە بەر لە بیست و یەك ساڵ عیراقی بەجێهێشتووە لەوانەیە بەجۆرە خۆ بەزلزانین و سنووربەزاندنێکیش بژمێردرێ. بەڵام من بیست و پێنج ساڵم لە تەمەنی وەزیفەی خۆم لەو وڵاتەدا بەسەربرد و، پێنج ساڵم وەکو حاکمی سیاسی بردەسەر و، لەو پێنج ساڵەش، سێ ساڵ و نیوی لە کوردستان بوو کە لە تەنگانەترین هەلومەرجەکان بوو و، بیست ساڵەکەی تریش لە هەردوو وەزارەتی دەرەوە و ناوخۆی حکوومەتی ناوەندی بەسەر بردووە. کە عیراقم بەجێهێشتووە، تا ئێستا پەیوەندی خۆم لەگەڵ زۆر لە هاوڕێیانی عەرەب و کورد پاراستووە و بنەمای ئەم دیراسەیەشم کردووە بە پێنج بەڵگەنامە لە مێژووی نێوان 1963-1965 کە سیانیان تایبەتە بە حکوومەتی ناوەندی و دووانیان تایبەتە بە لایەنی کوردی. لەم حاڵەتەدا لەو باوەڕەدام کە دەتوانم بانگەشەی ئەوە بکەم کە من ئاگاداریم لەسەر گۆشەنیگای هەردوولا هەیە. هەروەها بە هیوای ئەوەم کە بەوە تۆمەتبار نەکرێم کە من لە جیهانێکی تایبەتیدا دەژیم و خەیاڵ لە شتگەلێك دەکەمەوە کە لە راستییە هەنووکەییەکانەوە زۆر دوورن.

بۆ ئەوەی روونیەکی جوگرافی بدەم بە دەستەوە و هەروەها بەرەچاوکردنی دووبارە بوونەوەی هێندێك لە ناوەکان و زاراوەکان لەم دیراسەیەدا وای دەبینم کە پێویستە لەسەرم ئەمە روون بکەمەوە و هەروەها وەبیربهێنمەوە کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ویلایەت دابەشکرابوو و ویلایەتەکانیش بۆ لیوا و ئینجا لیواش بە دەوری خۆی بۆ (قەزا و ناحیە) دابەش دەبوو، عێراقی ئەمڕۆش دروست ویلایەتەکانی موسڵ و بەغدا و بەسرەی پێشوو دەگرێتەوە، بەڵام ویلایەت وەکو یەکەیەکی بەڕێوەبەرایەتی نەما و وڵات بەسەر چواردە لیوا لە ژێر

بەڕێوەبەرایەتی ڕاستەوخۆی حکومەتی ناوەندیدا دابەشکرا. زۆربەی کوردەکان لە چوارچێوەی ئەو ناوچەیەدا دەژین کە لە سەردەمی عوسمانیدا پێی دەگوترا ویلایەتی موسڵ (واتە لیوای موسڵ، هەولێر، کەرکوك، سلێمانی ئێستا) بەڵام ئەوان لە هەمانکاتدا لەو سنورانە تێپەڕیون و لە ویلایەتی بەغدای پێشوو لە لای ڕۆژهەڵاتییەوە کە ئێستا پێی دەڵێن لیوای دیالە کە هاوسنوری ئێرانە، دادەنیشن.

هەروەها بۆ مەبەستی ڕێخۆش کردن دەمەوێ وتەیەکی تر زێدەبار[1] بکەم تا مەبەستی خۆم لە بارەی گوزارەی (مێژووی دەستوریی داخوازییەکانی کورد لە عیراق) ڕوون بکەمەوە کە سەرەتایەکە بۆ نمایش کردنی بەڵگەنامە سەرەکییەکان کە سیمایەکی نێو دەوڵەتییان هەیە:

1- لە ساڵی 1918دا هاوپەیمانان دانیان بە ئاواتە نەتەوەییەکانی کەمینەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە چوارچێوەی خاڵی (12)ی پرەنسیپە جیهانییەکانی سەرۆك ویلسن دانا کە تێیدا هاتووە:

کەمینە نا تورکییەکان لەناو چوارچێوەی ئیمپراتۆری دەبێ دەرفەتێکی ئازادی ڕاستەقینەی دوور لەهەر چەشنە دەستێوەردان و کاریگەرییەکی، بۆ برەخسێت تا سەربەخۆیی خۆی بەکاربهێنێ، و دەقی مادەی (22) لە بەڵگەنامەی کۆمەڵی گەلان جەخت بۆ هێنانەدی ئەو دەرفەتە لە ڕێگەی هێنانەدی سیستەمی ئینتداب، دەکا.

ئەم پرەنسیپە ئازادانە کۆمەڵە شێوەیەکی دیاریکراوی لە پەیمانی سیڤەردا بەبەرداکرا کە لە لایەن هاوپەیمانانی سەرکەوتووەوە لە ساڵی 1920 بەسەر سوڵتاندا سەپێنرا، کە ئەمەش بە پێکەوەنانی سێ دەوڵەتی عەرەبی لە حیجاز و سوریا و عیراق و دەوڵەتێکی ئەرمەنی لە تورکیای ڕۆژهەڵاتدا و هەروەها

1- زێدەبار: أضافة.



دەوڵەتێك بەناوی کوردستان لە ویلایەتە کوردییەکانی تورکیا کە کوردەکانی ویلایەتی موسڵیش مافی چوونە پاڵ ئەم دەوڵەتەیان بە ئازادییەکی موتڵەقەوە هەبێ دابمەزرێ، بەڵام لە ئەنجامی شۆڕشی مستەفا کەمال ئاتاتورك ئەم پەیماننامەیە جێبەجێ نەکرا و ئەو پەیماننامەیەی کە پاش ئەو لە لۆزان لە ساڵی 1923 لە نێوان هاوپەیمانان و تورکاندا ئیمزا کرا و جێبەجێ کرا، هیچ شتێکی لەبارەی هەردوو دەوڵەتی ئەرمینیا و کوردستان باس نەکردبوو، بەڵام دوارۆژی ویلایەتی موسڵ نەخرایە نێو چوارچێوەی ئەم پەیماننامەیە بەڵکو بۆ دان و ستاندنی داهاتووی نێوان تورکیا و بەریتانیای مەزن هەڵگیرا بەو سیفەتە کە دەوڵەتی خاوەن ئینتدابە بەسەر عیراقدا.

2- پاش ئەوە دان و ستاندنیش شکستی هێنا و کێشەی ویلایەتی موسڵ جارێکی دیکە گەڕێنرایەوە بۆ کۆمەڵی گەلان و ئەویش بەومەرجە دایەوە بە عیراق کە: داخوازییەکانی کورد بەچاوی بایەخەوە وەربگیرێ و فەرمانبەرانی کورد (خەڵکی کورد) بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان و هەڵسوڕاندنی کاروباری دادوەریی و دەرس گوتنەوە لە قوتابخانەکان دابمەزرێن و زمانی کوردی لە هەموو ئەم فەرمانگە و دامەزراوانە زمانی ڕەسمی دەبێ. لە ساڵی 1931 کاتێك کە عیراق خەریکی پێشکەشکردنی داخوازی چوونە ناو کۆمەڵی گەلان بوو بە ڕاسپاردەی بەریتانیا، حکومەتی ناوەندی یاسای زمانە ناوچەییەکانی داڕشت کە تێیدا ئەو ناوچانەی دیاریکرد کەیاساکە دەیگرێتەوە و ئەمەش بۆ تەئکیدکردنەوە لە نیازباشیی خۆی لە بەرامبەر کوردەکان و جێبەجێکردنێك بوو بۆ پروتوکۆڵی ویلایەتی موسڵ.

3- لە ساڵی 1932دا لە کاتی کۆتایی هاتنی ئینتدابی بەریتانی و قبووڵ کردنی عیراق لە کۆمەڵی گەلاندا دووبارە لە بەیاننامەیەکی ڕەسمیدا ئەم پرەنسیپانەی ڕاگەیاندەوە و هێزی دەستووری پێبەخشی و بە ڕێکخراوی جیهانی سپێردرا و بەمەش بە بەڵگەنامەیەکی نێو دەوڵەتی دانرا.

4- سەرەڕای ئەم بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانە هەردوو حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا بەو سیفەتەی کە دەوڵەتی خاوەن ئینتدابە و حکوومەتی پاشایەتی عیراق لە ماوەگەلی جیاجیادا بەیاننامەی رەسمییان دەرکردووە کە دانپێدانانی بە مافەکانی کورد گرتۆتە خۆی و بەڵێنگەلێکی بنبڕیی تێدایە بۆ جێبەجێکردنی، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەم بەیاننا و بەڵێنانە دران و بەرێ خران بۆ زاڵبوون بەسەر هەلومەرجێکی تەنگژە و هەڵوێستگەلێکی سەخت کە بە خێرایی لە بیرچوونەوە و هەر بە تەنیا بە نەمانی پێویستی بەو رێکەوتنە، لەگەڵ خۆیدا لوولی دان... لێرەدا تەنیا دەمەوێ یەك بەیان لەو بەیاننامانە وەبیربخەمەوە کە لە سەروبەندی دان و ستاندنەکانی لۆزان لە کانوونی یەکەمی 1922دا بڵاوکرایەوە:

(حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی و حکوومەتی عیراق دانی پێدادەنێن و بڕیار دەدەن کە کوردەکان مافی ژیانیان لە چوارچێوەی سنورەکانی عیراقدا هەیە و مافی ئەوەیان هەیە کە حکوومەتی کوردی لە چوارچێوەی ئەو سنورەدا دابمەزرێنن و هەردوو حکوومەتەکە ئومێدەوارن کە لایەنە کوردییە پەیوەندیدارەکان لە نێو خۆیاندا بگەنە رێککەوتنێك لەبارەی شێوەی ئەو حکوومەتە و سنورەکانی کە ئەوان ئارەزوودەکەن درێژ ببێتەوە و نوێنەرانی دەسەڵات پێدراوی خۆیان بنێرنە بەغدا بۆ گوت و بێژکردن لەبارەی پەیوەندییە ئابووری و سیاسیەکانی خۆیان لەگەڵ حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی و حکوومەتی عیراقیدا).

**بە باوەڕی من ئەم بەیاننامەیە بەیاننامەیەکی گرنگ و روون و بڕێنەرەوەیە و حەزدەکەم سەرنجی ئێوە رابکێشم کە:**

**یەکەم:** بەکارهێنانی رستەی (حکوومەتی کوردی) کە مەودایەکی دوورتری لە ئۆتونومی لە چوارچێوەی کۆماری عیراقدا هەیە هەمان ئەو داخوازییەیە کە لە حاڵی ئێستادا داخوازیی رەسمی کوردەکانە.



**دووەم:** رستەی (**ئەو کوردانەی کە لە چوارچێوەی سنورەکانی عیراقدا**) لە جیاتی بڕگەی (**ئەو کوردانەی لە چوارچێوەی سنوری ویلایەتی موسڵی عوسمانیدا دەژین**)، بەکارهاتووە.

**سێیەم:** بانگهێشتی کوردەکان بۆ دیاریکردنی ئەو سنوورانە کە بۆ حکوومەتی کوردی بە گونجاوی دەزانن.

هیوادارم تا رادەیەکی تەواوی پێویست ئەو تیورییەی خۆم روون کردبێتەوە کە دەرەتانی جێبەجێ کردنی زیاتر لە یەکێك لەو رێککەوتنە نێودەوڵەتییانە لەسەر دۆزی کورد دەگرێتە خۆی، و بەرەچاوکردنی ئەم بەڵگەنامانە کە گێڕامنەوە و ئینجا بەو سیفەتەش کە نەتەوە یەکگرتووەکان میراتگریی سروشتی کۆمەڵی گەلانە ئەوا پێویستە گرنگیی بەحاڵی هەنووکەیی دۆزی کورد بدا کە هەر نەبێ بە لای هەرە کەمییەوە لەسەر ئاستی ناوبژیوانیی.

بۆ ئەوەی بگەینە قۆناغی داهاتووی گرنگی مێژووی دەستووریی مەسەلەی کورد، ئەوا پێویستە بیست و شەش ساڵ بۆ پێشەوە بگەڕێینەوە، واتە لە ساڵی 1932وە بۆ ساڵی 1958، پاش چەند رۆژێکی کەم لەو کودەتایەی کە پاشایەتی رووخاند، سەرکردەی کودەتا ژەنراڵ عەبدولکەریم قاسم دەستوورێکی کاتی بۆ وڵات داڕشت.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەو دەستووره عیراقی وەکو پاژێك لە جیهانی عەرەبی وەسفکردبوو، بەڵام لە مادەی سێیدا دەقی مادەکە جەخت لەسەر مافەکانی کوردەکان بەشێوەیەکی راشکاوانە روون دەکاتەوە و، لەوێدا رایگەیاندووە کە (نیشتیمانی عیراق بۆ کورد و عەرەب هاوبەشە) و بەجۆرێکی گەش ئاماژەی بۆ مافە نەتەوەییەکانیان کردووە و هەروەها ژەنراڵ لە وتارەکانیدا تەئکیدی کردەوە کە ئەم هاوبەشییەی کە لە دەستوری کاتیدا راگەیەنراوە مانای سەربەخۆییەکی فراوان لە بەڕێوەبەرایەتی و پشکێکی گەورە لە پرۆژەی ئاوەدانکارییەکان و

خزمەتگوزارییـــە کۆمەڵایەتییـــەکان بەتایبـــەتی لـــە بـــواری فێرکـــردن و زمـــان دەگرێتەوە، و تـــەنیا لەســـەر ئـــەم بنەمایـــە ڕێکخـــراوە کوردییـــەکان لـــەناوەوە و دەرەوەی عیراق پشتوانییان لەم کودەتایە کرد و چوونە پاڵ حوکمی نوێوە...

بەڵام مانگان و ساڵان بەدووا یەکدا هاتن و چوون و لـە لایـەن حکوومەتـەوە هیچ دەستپێشکەرییەك بەرەو جێبەجێکردنی جیدیانەی ئـەم بەڵێنانـەی کـە لـە دەستوری کاتیدا دران بە دەرنەکەوت. بەڵکو بەپێچەوانەوە کۆمەڵە دیاردەیەك لە حکوومەت بەدەرکـەوت کـە بەڵگـەبوو لەسـەر ئامادەنـەبوونی حکوومـەت بـۆ دانپێدانانی بە مافەکانی کورد لە هەلومەرجی ئێـستادا بـە هـیچ شـێوەیەك لـە شێوەکان کە ئەمەش نائومێدییەکی تاڵی لای کوردەکان خوڵقانـد و ئـەوەبوو لـە تەمووزی ساڵی 1961دا شەڕ هەڵگیرسا.

کاتێـك باڵادەسـتی کوردەکـان بەسـەر هێزەکـانی حکوومـەت لـە هـەموو لێکدانەکاندا بۆ هەمووان ئاشکرابوو، کـە بـە درێـژایی کـەوانێك لـە زاخـۆ لـە باکووری ڕۆژئاواوە تا دەگاتە باشووری ڕۆژهەڵات، ڕوویاندا عەبدولکـەریم قاسـم پەنای بردە بەر سیاسەتی تۆقاندنی بە کۆمـەڵ ئەمـەش لـە ڕێگـەی بۆردومـانی توندوتیژی ئاسمانی کە شارستانییان سەخترین ئازاریان پێگەیشت، وەڵامی لایەنی کوردیش هاوپـەیمانێتی (وەکـو لـە سـەرەتادا دەرکـەوت) نێـوان سـەرۆك هـۆزە کوردەکان و پارتی دیموکراتی کوردستانی خاوەن تەوژمێکی چەپڕەوانە بوو و بـەم جۆرە شەڕ بەخێرایی پەرەی ستاند و بوو بە جەنگێکی نێوخۆیی سەراپاگیر، و بـە ئاوارتەی ماوەگەلی پچرپچڕ لە هودنە لە کاتی گـۆڕانی حـوکم یـان وەزارەت لـە بەغدا، جەنگ بە درێژایی زیاتر لە پێنج ساڵ بەم تەرزە بەردەوام بوو. تا هودنەی یەکەم لە شوباتی 1963 لە دوای ڕووخان و کوژرانی عەبدولکەریم قاسـم لەسـەر دەستی کۆمەڵێك ئەفسەر (بەهاوپەیمانێتی لەگەڵ حیزبـی بەعـسی عـەرەبی) بـە سەرکردایەتی تاهیر یەحیا کە پلەی سەرۆك ئەرکانی گرتە ئەستۆ و عەبدولـسەلام عارف کە لە بەڕێوەبردنی کودەتای 1958دا دەستە ڕاسـتی عەبدولکـەریم قاسـم



بوو، بوو بەسەرۆك کۆمار و ژەنراڵ ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر بوو بە سەرۆك وەزیران و ئەم دەستەیە پێش ڕوودانی کودەتا پەیوەنـدییان بـە کوردەکانـەوە کردبـوو بـۆ ئەوەی پشتەوانی ئەوان بۆ جوڵانەوەکەیان دابین بکەن یـاخود بـەلای کەمـەوە لـە بەرامبەر بێلایەنی ئەواندا دان بە مافەکانیاندا بنێن، بەڵام واپێدەچـێ کـە هـیچ چەشنە پابەندبوونێکی بنـبڕ لـە هـەردوو لاوە بـوونی نـەبووبێ، پـاش کودەتـا، جوڵانەوەیەکی پاکسازیی بەدوودا هات کە توخمە چەپڕە و شیوعییەکانی گرتـەوە و ئینجا ژمارەیەکی زۆر لەوانە پەنایان بردە بەر ئەو ناوچانە کە لە ژێر کـۆنترۆڵی کوردەکاندا بوو و بەمجۆرە بە هودنەیەکی لاواز دەرکەوت و هەر لـە سەرەتاشـەوە هودنەیەکی لاواز و شل و شەوێق بوو. لە سەرەتاکانی مارتـدا سـەرۆك ئـەرکانی سوپا بەیاوەریی دوو وەزیری کورد سەردانی پێشەوای کورد مەلا ستەفا بارزانییان کرد کە یەکێکە لە سەرۆك هۆزە کلاسـیکییەکانی کـورد و پـسپۆڕی قـاڵاوە لـە هونـەری جـەنگی چـیایی و سـەرۆکی هەڵبـژێردراوی پـارتی و کۆبوونەوەکـەش لەبارەگای مەلا مـستەفا بـارزانی لـە نزیـك شـارۆکەی ڕانیـە بەڕێوەچـوو. لـە سەروبەندی گەڕانەوەی ژەنراڵ بۆ بەغدا، حکوومەت بەیانێکی دەرکرد کـە تێیـدا لەسەر بنەمای (لامەرکەزی) دانی بەمافە سروشتییەکانی گەلی کورددا نا.

پاش دوویان سێ ڕۆژ بەرێز عەلی ساڵح ئەلسەعدی جێگری سـەرۆك وەزیـران لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕوونی کردەوە کە ئەمە مانای وایە لیوا کوردییـەکان جگە لە دەرەوە و دارایی لە هەموو بوارەکاندا بەڕێوەبەرایەتی سـەربەخۆی خـۆی دەبێ. بێگومان ئەمە دەنگدانەوەی ئەو بەڵێنانە بوو کـە لـە لایـەن ئەفـسەرانی ئازادیخوازەوە بەر لە کودەتا بە کوردەکان درابوو. لە کۆنگرەیەکی کە لە ڕانیـە[1]

[1]- ئەم کۆنگرەیە کە پاش کودەتای 8ی شوباتی 1963 لە 18- 22ی ئازاری 1963 بەسترا. کۆنگرەکە نزیکەی دوو هەزار کەس، لە نوێنەرانی حیزبی و سەرکردەکانی لەشکری شۆرش، نیشتیمانپەروەران و روناکبیران و سەرۆك هۆزەکان و هەروەها نوێنەرانی چین و کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان لە هەموو کوردستاندا بەشداربوون. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا،=

بەستراو 165 نوێنەری چینە جۆربەجۆرەکانی کورد تێیدا بەشداربوون و هەروەها نوێنەرانی کەمینە نەتەوەییەکانی مەسیحی و تورکمانەکانی ناوچە کوردییەکان تێیدا ئامادەبون بڕیاردرا بۆ دان و ستاندن لەبارەی وردەکارییەکانەوە شاندێك رەوانەی بەغدا بکرێ. لە 24ی نیساندا شاندەکە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە داخوازییەکانی کوردی دەگرتەخۆی (**بەڵگەنامەی یەکەمی ئەو بەڵگەنامانەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد**).

گومانی تێدانییە کە ئەم بەیاننامەیە یەکەمین جوڵانەوەی نێو یاریی دانوستاندنێکی سەخت بوو. بەڵام هەرگیز گوتوبێژی لەسەر نەکرا. ئەوە بوو لە 10ی حوزەیراندا حکومەت هەستا بە دەستگیرکردنی شاندی دان و ستاندنکاری کوردی و هایدانێکی ئاراستەی کوردەکان کرد کە تێیدا داوادەکا مەلا مستەفا بارزانی و هێزەکانی لە ماوەی بیستوچوار کاتژمێردا خۆیان بەدەستەوە بدەن و پاش هایدانەکە هێرشێکی توندوتیژی کردە سەر کورد کە لە دڕندەییدا لەو پەلامارەی تێپەڕاند کە پێشتر عەبدولکەریم قاسم بەرپای کرد، و پاش ئەوە راستەوخۆ هەستا بە بڵاوکردنەوەی پرۆژەی حکومەت بۆ لامەرکەزیی (**ئەمەشیان دووەمین بەڵگەنامەیە لەو پێنج بەڵگەنامەیەی کە لەم دیراسەیەم لەسەر بنیات ناوە**).

لە تشرینی دووەمی 1963 عەبدولسەلام عارف حوکمی بەعسی لە عیراق رووخاند و بە جۆرێکی راستەوخۆ جڵەوی دەسەڵاتی لە عیراق گرتە دەست و سەرۆکایەتی وەزیرانیشی بە ژەنراڵ تاهیر یەحیای سەرۆك ئەرکانی سوپا سپارد و

---

=یادنامەیەك گەڵاڵە کرا، تاکو داخوازییەکانی گەلی کورد، پێشکەشی حکوومەتی تازە هاتوو، بکرێ. دوای ئەوە شاندێك بە سەرۆکایەتی بەرێز جەلال تاڵەبانی هەڵبژێردرا، تاکو بچێتە بەغدا و دانوستاندن بکا. ئەم شاندە لە مێژووی 30 ئازاری 1963 گەیشتە بەغدا.

ئەم روونکردنەوەیەم بە پێویست دانا کە نووسەر لەوانەیە بەمەهۆیەوە هەڵەی تێدا کردبێت، کە ئەو کاتە تا رۆژی 15ی ئازار بارزانی لە رانیە بووە، رۆژی 16ی ئازار دەگاتە کۆیە. خوێنەری بەڕێز دەتوانێ وردەکاری زیاتر لە مبارەیەوە لە بەشی شەشەمی کتێبی (البارزاني والحركة التحررية الكردية) الجزء الثالث، تألیف مسعود البارزانی. بخوێنێتەوە. (وەرگێڕ)



عەلی سالح ئەلسەعدی جێگری سەرۆك وەزیرانیش بۆ دەرەوەی عیراق دوورخرایەوە. ئەم گۆڕانە لە حوکم، هودنەی دووەمی لە شوباتی 1964دا بە دوودا هات و دانوستاندن لە نێوان عارف و بارزانی دەستی پێکرد و ناشزانم هەردوولا لەم دانوستاندنەدا چ مەودایەك پێشکەوتنیان بەدەست هێناوە یاخود تا چ مەودایەك چوونەتە نێو وردەکارییەکانەوە. لە مانگی ئایاردا دەستورێکی نوێی کاتی راگەیەنرا کە لە مادەی نۆزدەدا باسی کورد بە جۆرێکی گشتی و تەمومژاویی دەکا و تەنانەت لە مادەی سێی ئەو دەستورەکاتییەش کەمتر دڵنیایی تێدابوو کە لە 11ی تشرینی یەکەمدا عەبدولکەریم قاسم دایڕشت. کاتێك ئاشکرا بوو کە دانوستاندن بەرەو پێشەوە ناچێ، مەلا مستەفا بارزانی یادنامەیەکی نوێی سەبارەت بە داخوازییەکانی کورد بەتێروتەسەلی پێشکەش کرد (**بەڵگەنامەی سێیەم لە پێنج بەڵگە نامەکە**) و حکوومەتیش لە تشرینی دووەمدا بە داواکردنی هەڵوەشاندنی هێزە چەکدارەکانی کورد وەڵامیدایەوە. ئەوە بوو دانوستاندن کۆتایی هات و کەش و هەوای جەنگ باڵی بەسەر باکووردا کێشا، بەڵام بە ئاوارتەی هێندێك پێك هەڵپژانی بچووکی ناوچەیی، ئەوا شەڕ لەسەر ئاستێکی فراوان تەنیا لە نیسانی 1965دا دەستی پێکرد کە ئەمجارەیان هێزی گەورەتر لە جارانی پێشوو بەشدارییان کرد و تاهیر یەحیا تا 13ی ئەیلولی 1965 لە سەرۆکایەتی وەزیران مایەوە، پاش ئەنجامدانی هەمووارکردنێکی سووك لە وەزارەتەکەی کەهەلومەرجی عەرەبی پێویستی دەکرد، ئینجا دەستی لە کارکێشایەوە تا عارف عەبدولرەزاق وەکو سەرۆك وەزیران و عەبدولرەحمان بەزاز کە ئەو کاتە باڵوێزی عیراق بوو لە لەندەن وەکو جێگری سەرۆك وەزیران بچنە جێگاکەی. بەڵام سەرۆك وەزیرانی نوێ هێشتا لەسەر کورسییەکەی بە تەواوی جێگیر نەبوو بوو کە هەولێدا عەبدولسەلام عارف سەرۆك کۆمار لەسەر کورسییەکەی لابدات کە ئەو کاتە بۆ ئامادە بوون لە کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە دارول بەیزا بەغدای بەجێهێشتبوو، هەوڵدانەکە شکستی هێناو عارف عەبدولرەزاق

رایکردە قاهیرە و عەبدولڕەحمان بەزاز کە پاش کودەتای 1958 یەکەمین کەسی شارستانی بوو سەرۆکایەتی وەزیرانی دەگرتەئەستۆ، چووە جێگاکەی.

مادەی حەڤدەیەم لە دەستوریی کاتی دووەم پێش ئەوە لە بەرواری 9ی ئەیلول هەموار کردبوو کە تێیدا هاتبوو (دەستور مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی یەکێتی و برایەتی نیشتمانی عیراقیدا تەئکید دەکاتەوە) و لە تشرینی دووەمدا وەزارەتی بەزاز پرۆگرامی سیاسی خۆی لە ڕێگەی رادیۆوە بلاوکردەوە و لەو بەشەدا کە بەناونیشانی -کاروباری ناوخۆ- بوو (**ئەمەش بەڵگەی چوارەمی پێنج بەڵگەنامەکەیە**) بەم شێوەیە هاتبوو:

(وەزارەت ئەو پەڕی کۆششی خۆی بۆ گەڕاندنەوەی ئاشتی تەواو بۆ هەموو گۆشەیەکی عیراق دەخاتە گەڕ بۆ پاراستنی یەکێتی خاکی وڵات و لەو کاتەدا کەدان بە مافە نەتەوەییەکانی برا کوردەکانماندا دەنێ ئەو مافانەی لە دەستوریی کاتیی هەموار کراودا تەئکیدی لێکراوەتەوە، وەزارەت بە دڵسۆزییەوە ئارەزوو دەکا کە بە زمانی ئەو دەستورە کار بکا و بەجێبەجێکردنی تەواو جێبەجێی بکا، و سەرەڕای ئەمەش وەزارەت لە نزیك ترین کاتدا هەڵدەستێ بە داڕشتنی قانونی بەرێوەبەرایەتی ناوچەیی کە تەئکید لە کەسایەتی نەتەوەیی کوردەکان دەکاتەوە و دەرەتان دەدا بە براکانمان لە باکوور بۆ پاراستنی زمان و کەلەپوری رۆشنبیری خۆیان و هەروەکو دەرەتانیان دەداتێ کە چالاکییە ناوچەییەکانی خۆیان پرۆڤە بکەن کە هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ یەکپارچەیی وڵاتدا نییە و ڕێگا بۆ لە دەستدانی بەشێك لە خاکی نیشتمان خۆش ناکا).

هەروەها لە چاوپێکەوتن و زۆر درکاندنی داهاتوودا سەرۆك وەزیران مکومبوون و سووربوونی حکومەتی لەسەر ئەوە تەئکیدکردەوە کە حکومەت بەچالاکییەوە کار بکا (هەر لەگەڵ راوەستانی کاری توندوتیژی) بۆ ئاوەدان کردنەوەی باکوور و قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووان و گێرانەوەی ژیانی سروشتی بۆ وڵات.



ئاڵ و گۆڕی وەزارەت هەروەکو کە باوە ماوەیەك سستی و چاوەڕێ کردنی بە دوواداهات و هەروەکو ئاگادارم دان و ستاندن بەشێوەیەکی جیدی دەستی پێ نەکردەوە و، ئەو حکوومەتە، کە بەهۆی دوو لە ئەندامانی هەڵکەوتووی حیزبی پارتی کە بە هۆکاری جیاوازییان لەگەڵ مەلا مستەفا، وازیان هێنابوو، هاندرابوو، بەردەوام بوو لە لێکدانەوەی رستەی (هەر لەگەڵ راوەستانی کاری توندوتیژی) کە لە پرۆگرامی حکوومەتدا وەکو مەرجێك بۆ دەست پێکردنی ئاوەدان کردنەوە لە باکوور و جێبەجێ کردنی لامەرکەزی، هاتبوو، مانای ئەوە دەگەیەنێ کە پێویستە شۆڕشگێڕەکان چەکەکانیان تەسلیم بە حکوومەت بکەن. و بەم شێوەیە سەر لە نوێ بەهەمان تەرزی پێشوو شەڕ دەستی پێکردەوە و بێ ئەوەی سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بۆ هەر لایەکیان بەدەست بێت: حکوومەت شارە گەورە بەرئاوەڵاکانی بە پشت ئەستوریی تێکشکاندنی مەعنەویاتی شۆڕشگێڕان لە ڕێگەی بۆردوومانی توند و بەردەوامەوە بێ ئەوەش بتوانێ دەسەڵاتی بەسەرگردەکاندا بسەپێنێ، لە بن دەستی خۆیدا هێشتبوو و کوردەکانیش لە ناوچەکانی خۆیاندا خۆیان راگرتبوو و لە دەرفەتدا بۆ تێسرەواندنی زەربەی خۆیان لە سوپا، کەڵکیان وەردەگرت.

کوژرانی عەبدولسەلام عارف لە رووداوی کەوتنە خوارەوەی هیلیکوپتەرەکەی لە 12ی نیسانی 1966 و گرتنەدەستی جڵەوی سەرۆکایەتی کۆمار لە لایەن عەبدولڕەحمان عارفی برایەوە گۆڕانکارییەکی لە سیاسەتی حکوومەت بەرامبەر کوردەکان نەهێنایە دی. لە 1ی ئایاری ساڵی 1966 سوپا دەستی کرد بە بەرپاکردنی هێرشێکی توند کە تەپڵ و دەهۆڵ لێدان و پروپاگەندەیەکی بەرفراوانی لەگەڵدا بوو، بەڵام لەم هێرشەدا سوپا گەورەترین تێکشکانی لە مێژووی خۆیدا چێشت کە تێیدا دوو فەوج لە فەوجەکانی لە بەرزاییەکانی رەواندز هەر لە بنەڕەتەوە قەڵاچۆکران.

پاش کۆمەڵە پەلامارێکی ئاسمانی توندوتیژی تۆڵەستاندنەوە لە ڕێگای هێزی ئاسمانییەوە کە لە لایەن حکوومەتەوە جێبەجێ کرا، هەردوو لا لە ناوەڕاستی

حوزەیراندا رەزامەندییان لەسەر راگرتنی شەڕ دەربڕی کە لە ئەنجامی هەوڵ و تەقەللای شەخسی سەرۆك وەزیران هات کە لە 29ی حوزەیران بەرنامەیەکی لە 12 خاڵدا بۆ کۆتایی هێنان بەو حاڵەتەی کە ئەو بە (حاڵەتی ناسروشتی لە هێندێك لە ناوچەکانی باکوور) (**بەڵگەی پێنجەم لە پێنج بەڵگەنامەکە**) ناوی برد، راگەیاند، و لە مانگی ئابدا ژەنرال ناجی تالب جێگای بەزازی لە سەرۆکایەتی وەزیران گرتەوە و لە لایەن خۆیەوە دەستپێشکەریی کرد بۆ پشتیوانی لە سیاسەتی پێشینەکەی خۆی لەمەڕ چارەسەکردنی دۆزی کورد.

بێگومان ئەم بەیاننامەیەی بەزاز، مکومبوونی خۆی لەسەر جێبەجێ کردنی کۆمەڵە بەڵێن و وادەیەك دەگرتەخۆ کە پێشتر درابوون و تارادەیەك بە هەمان بنەما و وشەگەلەوە جارێکی تر درانەوە کە بە درێژایی چل ساڵی رابردوو لە لایەن پێشینەکانی ئەوەوە درابوون، و ئارەزووی ئەو، بۆ کۆتایی هێنان بە حاڵەتی جەنگ لەسەر بنەماگەلێکی قبوڵکراوی بەیاننامەیەکی یەکجار گرنگ و بەڵگەنامەیەکی مەودا دوور، کە لەم ئاخاوتنەدا چەندین جار ئاماژەی بۆ دەکەم، لە هەمانکاتدا باوەڕم وایە کە دانانی ئەم بەیاننامەیە (هەروەکو بینیومە) بەنمایشێکی تەواو نوێ بۆ کوردەکان و قبوڵ کردنی لە لایەن مەلا مستەفا بارزانییەوە بەخاڵی دەسپێك بۆ گوت و بێژی نوێ و دانانی بە پاکسازییەکی کۆتایی بۆ دۆزی کورد، بەڵگەیە لەسەر نەزانینێکی تەواو یان هەڵاتنە لە رووبەڕووبوونەوەی واقیعی کوردەکان و دۆزی ئەوان لە عیراق.

شاندی کوردی هاتۆتە بەغدا و ماوەی چوار مانگیشە لەوێیە و تا ئەو رادەیە کە من ئاگام لێیە تاکو ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە. چەند رۆژێك پێش ئێستا لە هەواڵەکاندا خوێندمانەوە کە لە ئەنجامی سەردانی وەزیری بەرگری و سەرۆك ئەرکانی سوپا بۆ لای مەلا مستەفا بارزانی ئەوا کوردەکان رەزامەندییان لەسەر مەرجەکانی بەغدا بۆ ئاشتی دەربڕیوە هەروەکو ئەمە شتێکی نوێ بێت و لە کاتی حوزەیراندا رانەگەیەنراو بێت.



لە راستیدا رای من ئەوەیە کە هەردوو لا ئارەزوومەندن بۆ بەلاداخستنی کێشەکە بەڵام هەر لایە بەپێی مەرجەکانی خۆی. لە هەمانکاتیشدا هەردوولا خۆشحاڵن بە ماوەی راگرتنی شەڕ:

سوپا بۆ ئەوەی برینەکانی بلێسێتەوە و لەوانەشە بۆ گەڕێکی دیکەی شەڕ خۆی ئامادە بکا، و کوردەکانیش بۆ ئەوەی لە بۆردوومانی ئاسمانی بحەسێنەوە و خۆیان بۆ ئابڵوقەیەکی دیکەی ئابووری ئامادە بکەن و هەردوولاش ئامادەن خۆیان وا پیشان بدەن کە بەدرێژایی بەردەوامبوونی ئاگربەست ئامادەن بۆ رێك کەوتن. لەو کەسانەوە کە تازە لە کوردستان هاتوونەتەوە هەواڵم پێگەیشتووە لە واقیعدا هەروەکو بەغدا بە شانازییەکی زۆرەوە بڵاوی کردۆتەوە مەلا مستەفا بارزانی یەك دانە تۆپی گەورەی کە لە شەڕدا دەستی بەسەرداگرتبوو و، گوللە تۆپی نەبوو، گەڕاندۆتەوە بۆ سوپای عێراق و هەروەکو رەزامەندیشی داوە لەسەر راگرتنی پروپاگەندەی رادیۆیی و هەردوو ژەنراڵ (وەزیری بەرگری و سەرۆك ئەرکان) لە لای خۆیانەوە (نازانم لە رۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە یان نا؟) دوو بەڵێنیان داوە، کە هەردووکیان بە قسە ئاسانن و جێبەجێ کردنیان گرانە، کە ئەوانیش گەڕاندنەوەی کەسانی عەشیرەتە عەرەبەکانە کە حکوومەت لە گوندە کوردییەکانی هەردوو لیوای هەولێر و کەرکوك نیشتەجێی کردبوون، بۆ جێگاکانی خۆیان و، دەرکردن و چەك داماڵینی چەك لە بەکرێگیراوانی کورد لەوانەی کە حکوومەت ناونیشانی بریقەداری (فرسانی سەلاحەدین) بە ناوی پاڵەوانی مێژوویی کورد سەلاحەدینی ئەیوبی بەزێنەری خاچ پەرستەکان، و ئەوانەی کورد بە ناوی (جاش) ناویان دەبا.

**ئەمە بە کورتی هەموو ئەو بنەما مێژووییانەی دۆزی کوردە. ئێستا با بڕوانینە دوارۆژ:**

من لە لایەکەوە گریمانەی ئەوە دادەنێم کە هەردوولا لەبەر هۆکارگەلێك کە پێشتر روونم کردەوە بە راستگۆییەوە ئارەزوودەکەن کە چارەسەرێك بۆ دۆزەکە

بدۆزنەوە و ئەم چارەسەرەش سیاسەتێکی کردەنییە. و لە لایەکی دیکەوە من لەم باوەڕەدام کە نەبوونی متمانەی هاوبەش لە نێوان هەردوو لادا کە ئەمە بێگومان لە پاشماوەکانی رابردووە، گەیشتۆتە رادەیەك کەلێکنزیکخستنەوەی ئەم دوو لایەنە تەنیا لە رێگەی نێوانگریی ناوبژیوانێکی بێلایەنی خاوەن پێگەیەکی بەرێزەوە نەبێ دەرەتانی نابێ. هەروەها من وای دەبینم کە ئەم ناوبژیوانەی ئێمە پاش ئەوەی بە ئاگادارییەکی تەواو لە مێژووی دۆزەکە و واقیعەکەی تێدەگا دەتوانێ لە سێ لایەنی بنەڕەتییەوە لە ئەرکەکەیدا دەست بەکار بێت:

**یەکەم:** لایەنی جوگرافی، مەبەستم لەمە سنوری ئەو ناوچەیەیە کە هەر وەزعێکی تایبەتی کە رێککەوتنی لەسەر دەکرێ، تێدا جێبەجێ دەکرێ وێرای خستنەسەری پرسی زمان.

**دووەم:** لایەنی بەرێوەبەرایەتی، مەبەستم لەمە پێناسەکردن و دیاریکردنی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی و دەسەڵاتە ناوچەییەکانە کە لە ژێر سێبەری سیستەمی بەڵێن پێدراوی لامەرکەزیدا دێتەدی.

**سێیەم:** لایەنی دەروونی (سایکولوجی)، مەبەستم لەمە خولقاندن و بەهێزکردنی متمانەی هاوبەشە لە نێوان هەردوو لادا.

لەبارەی لایەنی یەکەم و دووەم بەرای من ناوبژیوان دەتوانێ پێشنیارەکانی لامەرکەزی کە بەعس رایگەیاندووە (بەڵگەنامەی دووەم) وەکو خاڵی دەستپێك وەربگرێ. لەبەر ئەوەی لە هەموو ئەو بەڵێنانە تێروتەسەل ترە کە تاکو ئێستا لە لایەن هەر وەزارەتێکەوە دراوە. ئەم پێشنیارەش ئەوەی دێتە سەر رێگا کە دەستگیرکردنی شاندی دانوستاندنکاری کوردی لە لایەن حکوومەتی بەعسەوە و پاشان بەرپاکردنی جەنگێکی قەڵاچۆکاریی دڕندانە لە دژی کوردەکان بەڵگەیە لەسەر نەبوونی نیازپاکی لەم پێشنیارانەدا. بەڵام ئەم راستییە هیچ شتێك لە گەوهەری بابەتەکە ناگۆڕێ و ئەم پێشنیارانە وەکو پرەنسیپێك کە وەزارتێك لە



خۆ بە باڵازانان و توندڕەوانی عەرەب، کە بە لێڕوانینی خۆی وەکو ئامرازێك بۆ گەیشتن بە رێگاچارەیەکی رەزامەندانە بۆ هەموو جیهانی راگەیاندووە، دەمێنێتەوە. ئەم پێشنیارانە لەرووی جوگرافییەوە دەڵێ:

**یەکەم:** دابەشکردنی عیراق بۆ شەش پارێزگا یان شەش ناوچە بەناوی موسڵ — کەرکوك — سلێمانی — بەغداد — حیللە و بەسرە و هەر یەکێك لەمانە جگە لە یەکەم و دووەم یەك لیوا یان زیاتر، لەم چواردە لیوایەی ئێستا دەگرێتە خۆی.

**دووەم:** پارێزگا یان ناوچەی سلێمانی لیواکانی هەولێر و سلێمانی ئێستا دەگرێتەوە و قەزای چەمچەماڵیش پاش ئەوەی لە لیوای کەرکوك دادەبڕێت، دەخرێتە سەری، هەروەها لیوایەکی تازە بە ناوی لیوای دهوك دەگرێتەوە کە لە لیوای موسڵ دادەماڵرێ و قەزاکانی زاخۆ، دهۆك، ئامێدی، ئاکرێ و زێبار دەگرێتەوە.

**سێیەم:** زمانی رەسمی لە ناوچە یان پارێزگای سلێمانیدا زمانی کوردی و عەرەبی شان بە شانی یەك دەبن و زمانی خوێندن لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکاندا واتە تاکو تەمەنی پازدە یان شازدە ساڵی بە زمانی کوردی دەبێ و لە دواناوەندی بە زمانی عەرەبی دەبێ. ئەم ناوچەیەش لەو نەخشەیەدا بەرەنگێکی تاریك دیاریم کردووە.

بەڵام هەردوو پارێزگا یان ناوچەی موسڵ و کەرکوك ئەوا ئەو لیوایانە دەگرنەوە کە لە حاڵی ئێستادا بەو ناوانەوە ناودەبرێن.

پێش ئەوەی بچمە سەر رەخنەکان و ناڕەزاییەکانی کورد لەسەر ئەم پرۆژەیە، خاڵێك هەیە کە دەستپاکبوون دەیکاتە کارێکی حەتمی و دەبێ بیڵێم ئەویش ئەمەیە، ئەم پێشنیارانە بۆ کورد بە بەراورد لەگەڵ هەموو ئەوشتانەدا کە تاکو ئێستا خراوەتە بەردەمیان، هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو پێشەوە، بەتایبەتی کە

پێکهێنانی لیوایەکی نوێی کوردی و داماڵینی لە لیوای موسڵ بە روانینی من کارێکی زۆر گرنگە. هەر چەندە ئەو پێنج قەزایە کە ئەم لیوایەی لێ پێکدێ دەچێتە نێو چوارچێوەی یاسای زمانە ناوچەییەکانەوە کە لە ساڵی 1943 دارێژراوە، بەڵام کۆکردنەوەیان لە یەکەیەکی بەرێوەبەرایەتی سەربەخۆ لە موسڵ، هەرچەندە چەندین جار لە سەردەمی پاشایەتیدا پێشنیار کراوەتەوە بەڵام بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی خۆبەباڵازانانی نیشتمانییانی عەرەبی لە دانیشتوانی شاری موسڵ، هەرگیز نەهاتەدی.

ئێستا با بێینە سەر نارەزایەتی و رەخنەی کوردەکان لەم پرۆژەیە، گرنگترین هۆکار بۆ نارەزایەتی کوردەکان و قبوڵنەکردنی ئەم پێشنیارانە لەوێ را سەرچاوە دەگرێ کە ئەم پێشنیارانە، زۆرینەی کوردی لە زۆربەی هەرە زۆری بەشەکانی لیوای کەرکوك و هەروەها لیوای دیالەی پیشتگوێ خستووە کە دەخرێتە سەر پارێزگا یان ناوچەی بەغدا و هەروەها زۆرایەتی کورد لە هەردوو قەزای سنجار و شێخان هەن لەوانەی کە لە چوارچێوەی پارێزگا یان ناوچەی موسڵدا دەمێننەوە و پێشنیاریان بۆ نەکراوە کە بچنە پاڵ لیوای نوێی دهۆکەوە.

لە نەخشەی هاوپێچدا رێژەی کوردەکانم لە بەرامبەر ژمارەی دانیشتواندا لەسەر بنەمای رێژەی سەدی لەهەر یەکەیەکی بەرێوەبردن لەو یەکانەی کە نەچوونەتە ناو پارێزگا یان ناوچەی کوردی (سلێمانی)،یەوە و ئەم ژمارانەشم پێش دە ساڵ خەملاندووە تا ئەو کاتەی ئامارێکی بێگەرد دەکرێ. ئەوەشم لە کتێبەکەی خۆمدا بەناونیشانی (کوردەکان و تورکەکان و عەرەبەکان لە عیراقدا) خستۆتە روو.

بێگومان ئەم رێژەیە لە هەندێك لە ناوچەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەتایبەتی لە هێندێك لە بەشەکانی لیوای کەرکوك بەهۆکاری سڕینەوەی بەشی کوردی لە شاری کەرکوك بە بلدۆزەری سەربازی و دەرکردنی دانیشتوانە کوردەکان لە زۆرێك لە گوندە کوردەکان و نیشتەجێ کردنی کەسانی هۆزە عەرەبییەکان لە



شوێنی ئەواندا و بەڵام من لەو باوەڕەدام کە مادام گێڕانەوەی هەل و مەرجی ئێستا بۆ هەلومەرجی پێشووی خۆی بە جۆرێکی حەتمی لە نێو ئەو مەرجە بنەڕەتییانەی هەر چارەسەرێکی ماقووڵ و رێککەوتنێکی کۆتایی دەبێ، و هەروەکو باسیشم کرد هەردوو ژەنراڵیش لەو ئاخاوتنەی دواییاندا لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بەڵێنیان داوە کە هەردوو مادەی یازدە و مادەی دوازدە لە پرۆژەکەی بەزاز قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان و نیشتەجێ کردنی ئاوارەکان و دوورخراوەکان دەگرێتە خۆی (هەرچەندە بە دروستی ئەو مانایە ناگەیەنێ کە من ئاماژەم بۆ کرد). من وام بە گونجاو زانی کە ئەم ژمارە و ئامارانە وەکو خۆی بهێڵمەوە.

سەرەڕای ئەوە کە هەموو قەزاکانی لیوای کەرکوك دەچنە نێو چوارچێوەی یاسای زمانە ناوچەییەکانەوە ئەوا گوێ پێنەدانی سیمای کوردی ئەم لیوایە خۆی لە خۆیدا بەپێشێڵ کردنێکی مەترسیداری ئەو پابەندبوونانە دادەنرێ کە بە کۆمەڵی گەلان دراوە.

بەڵام لیوای دیالە یاسای ناوبراو نەیگرتەوە چونکە لەو زەمەنەدا کۆمەڵی گەلان ئەرکەکەی تەنیا لە ویلایەتی موسڵ بوو. بەڵام زۆرینەی کوردەکانی شێخان و سنجار (ئەم دوو قەزایەی کە یاسای زمانە ناوچەییەکان دەیانگرێتەوە و نەخراونەتە سەر لیوای دهۆك) لە ئێزیدییەکانن و ئەوانە لە ساڵانی بیستەکاندا زیاتر گرنگییان بە رایەڵەی ئایینی خۆیان دەدا وەك لەوەی بە رایەڵەی نەژادیی خۆیان، بەڵام لەم دواییەدا ئەم رایەڵەیە تا رادەیەکی گەورە لە نێویاندا بەهێز بووە، قەزای سنجار کەوتۆتە ناو دڵی بیابانی سوریاوە و لە نزیکترین قەزای کوردی کە زاخۆیە، دابڕاوە و قەزای تەلەعفەر لەوێ هەیە کە کوردەکان لەوێدا کەمایەتی پێکدەهێنن و لە واقیعدا دابڕینی لیوای کەرکوك (جگە لە قەزای چەمچەماڵ) لە ناوچە یان پارێزگای کوردی کە بە سلێمانی ناودەبرێ، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم لیوایە ناوەندی پیشەسازی نەوت پێکدەهێنێ کە سەراپای ئابوورییەکانی دەوڵەت پشتی پێدەبەستێ. بەڵام ئاوارتە

کردنی لیوای دیالە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ناوچەیە هەروەکو لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد لە پێشوودا خاڵی دانوستاندن و سازشکاریی نەبووە لە دۆزی کوردیدا، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی کە لە دەرەوەی ویلایەتی موسڵ هەڵکەوتووە. سەرباری ئەمەش کێڵگەیەکی بچووکی پەترۆڵ لە خانەقین هەیە کە لەم ناچەیەوە ئێران بە جیهانی دەرەوە دەبەستێتەوە. کوردەکان لە رانانی نارەزاییەکانی خۆیاندا لەسەر ئەم ئاوارتەکردنانە دەڵێن مادام رێککەوتن لەسەر ئەوە کراوە کە کاروباری نەوت و رێگا و بان لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی ناوەندی دایە ئەوا پێویستە لە دیاریکردنی ناوچەی کوردیدا پێگەی نەتەوەیی و زمان لەبەرچاوبگیرێ و ئەم ناوچانە دەچنە ناو ناوچەی کوردییەوە.

بەڵام بەهەرحاڵ من لەو باوەڕەدانیم کە هیچ حکوومەتێکی عیراقی توانای ئەوەی هەبێ لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی بمێنێتەوە ئەگەر رەزامەندی لەسەر چوونە پاڵی کەرکوك و دیالە بۆ ناوچە یان پارێزگای سلێمانی بدات کە بانگەشەی دامەزراندنی بۆ دەکرێت تەنیا پاش هێندێك هەموارکردنی سوك نەبێ وەکو لکاندنی ناحیەی شوان و پێباز بۆ چەمچەماڵ و قەزای هورین شێخان بۆ هەڵەبجە.

کەوابوو ناوبژیوان دەبێ چی بکا ؟! من پێشنیار دەکەم کە هەوڵ بدات سازانێك لە بەینی گۆشە نیگاکان لەسەر بنەمایەکی بژاردەکراو لەهەر دوو پرۆژەکە بە جۆرێکی سەراپایی واتە هەردوو پرۆژەی بەعس و بەیاننامەی بەزاز بەدەستبهێنێ ئەمەش لە رێگای ئەوەی کە لە پرسی هێنانەدی یەکەی بەرفراوانی بەرێوەبەرایەتیدا تیورییەکەی بەعس وەربگرێ و لە پرۆژەکەی بەزازیشدا هەردوو مادەی سێیەم و شەشەم وەربگرێ کە دەڵێ زمای کوردی لەو ناوچانەدا کە کوردەکان زۆرایەتی پێکدەهێنن زمانی رەسمی بێت و لەو ناوچانەشدا کە بە یاسا و بڕیاری ئەنجوومەنی ناوچەییەکان دیاری دەکرێ و نیشان دەکرێ، زمانی خوێندن دەبێ و لە بەغدا کولێژێکی تایبەت بۆ توێژینەوە کوردییەکان دابمەزرێ.



بە روانینی من ئەمانە ئەو توخمانەن کە دەکرێ بنەمای یەکلاکردنەوە پێك بهێنێ و رەنگە هەردوو لاش رەزامەندیی لەسەر بدەن، بەڵام هەڵبەتە بەو مەرجەی کە هەردوو لا لەسەر خاڵە بنەڕەتییە پێویستەکان لە رووی بەرێوەبەرایەتییەوە کە پاش ساتێکی تر دێمە سەر باسی کردنی، رێکبکەون.

بەم جۆرە جێگایەك بۆ ترسی حکوومەتی ناوەندی لە پرسی ئەوەی کە کێڵگە نەوتییەکان و رێگاکانی هاتووچۆ لەگەڵ دەرەوە، کە دەکەونە بەردەستی دەسەڵاتە ناوچەییەکان نامێنێتەوە و لە لایەن کوردەکانەوە ئەوا ناوچەیەکی یەکگرتوویان دەست دەکەوێ کە نزیکەی (250) میل لە کەوانێکەوە لە دیجلە لە باکووری رۆژئاواوە تا سنوری ئێران لە باشووری رۆژهەڵاتەوە درێژدەبێتەوە کە لە زۆربەی کاروبارەکانی پەیوەست بە ژیانی رۆژانەیانەوە لە لایەن ئەنجوومەنە ناوچەییە کوردییەکانەوە بەڕێوەدەبرێن کە لە لایەن خۆیانەوە هەڵبژێردراون. هەروەها بە یاسایەکی نوێی زمانە ناوچەییەکان پشت قایم بێت کە دەستەبەری مافە کولتورییەکانیان بکا و کەلەپوری ئەدەبی و مێژووییان لە ناوچەکانی دراوسێیاندا بپارێزێ کە ئەویش لە هەمانکاتدا لە لایەن ئەنجوومەنە ناوچەییە هەڵبژێردراوەکانەوە بەرێوەدەبرێ کە تێیدا کوردەکان بەپێی رێژەی دانیشتووانیان بۆ سەرجەمی دانیشتووان نوێنەرایەتییان دەبێ.

ئێستا بابێینە سەر لایەنی بەرێوەبەرایەتی (کارگێڕی) دۆزەکە، ئەگەر بەووردی چاو لە پرۆژەکەی بەعس بکەین دەبینین کە پرۆژەی یاساکە دەسەڵاتێکی زۆر کەمتر دەدا بە ئەنجوومەنی ناوچەکان یان پارێزگاکان وەك لەوەی کە قانوونی ئێستا دەیدات کە لە ساڵی 1945دا بۆ ئەنجوومەنی لیواکانی هاوشێوەی ئەمە دەرچوو و بەپێچەوانەشەوە مافەکانی چاودێری و ڤیتۆ کە دراوە بە دەسەڵاتەکانی ناوەند زۆر بە هێزتر و چالاکترە و هەروەکو من زانیومە ئارەزوو بۆ (لامەرکەزییەت) لەسەر رێگای هەڵوەشانەوە و نەمانە، و ئەنجوومەکانی لیواکان کە بەپێی یاسای ناوبراوی 1945 دەرچوو هەرگیز رۆژێك لە رۆژان لە کۆمەڵە

بریکارێکی جێبەجێ کردن بۆ هێندێك کاروباری رۆتینی لە ژێر فەرمانی وەزارەتەکانی ناوەندا، شتێکی تر نەبوو.

**بۆ ئەوەی بگەینە ئامانجێکی بەرهەمبەخش وای دەبینم کە دەبێ سەرنجمان لەم دوو خاڵە ورد بکەینەوە:**

**یەکەم:** بەڵگەنامە کوردییەکان: بابزانین ئەو خاڵانە چین کە ئەوان دەڵێن ئێمە داوای ناکەین.

**دووەم:** لەو دوازدە خاڵەی کە لە بەیاننامەکەی بەزازدا هاتووە بابزانین ئاخۆ وەزارەتەکەی ئامادەیە داخوازییەکانی کورد قبوولّ بکا ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە خاڵەکانی تردا باسمان کرد.

کەوابوو ئێستا بابگەڕێینەوە بۆ بەڵگەنامەی یەکەم لە پێنج بەڵگەنامەکە، واتە بۆ بەیاننامەی کوردەکان کە لە ساڵی 1963 دەرچووە و داخوازییەکانی خۆیان تێیدا گەڵاڵە کردووە. لەو بەڵگەنامەیەدا دەبینین کە کوردەکان رازین لەسەر ئەوەی کە کاروباری نەوت، رێگاوبان، کاروباری دەرەوە، وێرای مافی بڕیاردانی حاڵەتی شەڕ و ئاشتی، بەرگری لە نیشتمان، پارەو لێدانی دراو، گومرگ، بەندەر و فرۆکەخانە نێودەوڵەتییەکان، پۆستە و بروسکە، قانوون، هێڵی ئاسن، رەگەزنامە، بودجەی دەوڵەت، رادیۆ و تەلەفزیونی ناوەندی، وزەی ئەتۆمی لە تایبەتمەندییەکانی حکوومەتی ناوەند بێت.

بەگەڕانەوە بۆ خاڵی چوارەم و پێنجەمی بەیاننامەی بەزاز دەبینین کە حکوومەتەکەی زەمانەتی ئەوە دەکا کە کوردەکان بەپێی رێژەی دانیشتوانیان لەچاو سەرجەمی دانیشتوان نوێنەرایەتییان لە ئەنجوومەنی یاسادانانی عیراقی هەبێ و لە هەموو فەرمانگە و دامەزراوە حکوومییەکان وێڕای وەزارەت، دادگا، دەزگای دەرەوە و هێزە چەکدارەکان بەهەمان رێژەی کە باس کرا پشکیان لە دامەزراندنی فەرمانبەراندا هەبێ.



بەمجۆرە جیاوازیی لە گۆشەنیگاکان لە بارەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێو حکوومەتی ناوەند و بەڕێوەبەرایەتی ناوچەیی پارێزگا یان ناوچە بەشێوەیەکی تێبینی کراو بەرتەسك دەبێتەوە و لەسەر داهاتە داراییە پێویستەکان بۆ دابین کردنی خەرجییە پێویستەکانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، کاری گشتی، پرۆژەکانی گەشەپێدان، پۆلیسی ناوچەیی، مووچە و خانەنیشنی فەرمانبەرە ناوچەییەکان و شتی لەمبابەتە قەتیس دەبێ.

هەرچەشنە گۆڕانکارییەکی جیدی بەرەو سیستەمی (لامەرکەزی) لە سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی ئێستادا کە خاوەنی ناوەندگرییەکی توندە، پێویستی بە توێژینەوە و گوت و بێژی دووروودرێژە کە چەندین حەفتە و مانگ دەخایەنێ کە پێویستە کەسانی خاوەن پسپۆڕیی لەگەڵ خەزینەدا پێی هەڵبستن و، من ئێستا بەم پەلەپروزێیە وەختی تەواو و هەروەها پسپۆڕیی تەواویشم لەم بوارەدا نییە تا بچمە نێو وردەکاری زیاتر، بەڵام حەز دەکەم تەنیا ئەوەندە بڵێم ئەگەر بکرێ متمانەی هاوبەش لە بەینی هەردوولادا بگێڕدرێتەوە (ئەمە لایەنی سێیەمی ئەم دۆزەیە کە پاش تاوێکی تر دێمەسەر شرۆڤە و چارەسەرکردنی) لەو باوەڕەدام کە لە مەدای دووروودرێژدا لە بەرژەوەندی حکوومەتدایە کە تا ئەو پەڕی رادەیەك کە لە تواناadایە، لەم رێگایەدا بەرەو پێشەوە هەنگا بنێت، و گوێ بە ناڕەزایەتیی و رەخنەگرتنی خۆبەباڵازانانی شۆڤێنیستی عەرەب نەدا و ئازایەتی پێویستی تێدا بێت کە تا ئەو پەڕی رادەیەك کە لە توانادایە دەسەڵاتی لامەکەزی کە هەموو ناوچەکان یان پارێزگاکانی تر لێی بەهرەمەندن، بەو ناوچە یان پارێزگا گرنگە کە دەکەوێتە سەر سنورەکانی باکووری رۆژهەڵات و زۆرینەی هەرە زۆرییان کوردن، ببەخشێت.

**له بەڵگەنامە کوردییەکەدا هێندێك خاڵی گرنگ هەن شایانی ئەوەیە کە ساتێك هەڵوەستە بکەین لەسەری:**

بۆ نموونە لەو کۆمەڵە داواکارییەی کە هەیانە ئەوەیە کە ناوچەکە کە زۆرایەتی کوردی لێ دادەنیشێ و لە لایەن خۆیانەوە دیاریکراوە، بەناوی کوردستان بناسرێ و ئەوان وایان داناوە کە خۆلادانی بەردەوامی حکوومەتەکانی بەغدا لە بەکارهێنانی ئەم وشەیە و گۆڕینی بە وشەی باکوور بەڵگەیە لەسەر نیازخراپی، بەڵام ئەگەر بێتوو هەر دوو لایەن لەسەر رێگاچارەی جوگرافی رازی بن کە پێشکەشم کردووە ئەوا ناولێنانی ناوچەی کوردی یان پارێزگای کوردی کە بانگەشەی دامەزراندنی بۆ دەکرێ، بە ناوچە یان پارێزگای (سلێمانی) ناولێنانێکی ورد یان واقیعییانە نابێ و لەوانەشە رێککەوتن لەسەر ناوی ئەفسونیی (سەلاحەدین) وەکو رێگاچارەیەکی مامناوەندیی بۆ ئەم نالێکییە دەرەتانی هەبێ، و لە واقیعدا شاری سلێمانی هەرگیز لە پێگەیەکی وادا هەڵنەکەوتووە کە بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێکی گونجاو بۆ موقاتەعەیەك کە دامەزراوەکان و فەرمانگە سەرەکییەکان بەجۆرێکی چالاك و سودبەخش بگرێتە خۆی.

نەخشەدانان و بنیاتنانی شارێکی نوێ لە نزیك هاوینەهەواری سەلاحەدین کە 20 میل لە باکووری هەولێرەوە هەڵکەوتووە، یاخود لە دوین قەڵا کە خێزانی سەلاحەدین، بەر لەوەی بچنە تکریت، لەوێ ژیاون، سودبەخش تر و بەهرەمەندترە هەرچەندە وادەردەکەوێ کە ئەم خاڵە لە یەکەمین جاردا بێبایەخ بێت، بەڵام ئێمە لە کەسانی تر، زیاتر ئەهمیەتی ئەم کارە لەو وڵاتەدا دەزانین، زۆرجار ئێمە ناوەکانی خۆمان گۆڕیوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئارەزووی هاوبەشەکانی ترماندا بگونجێ.

خاڵێکی دیکەش کە شایانی تێبینی کردنە نیگەرانیی کوردەکانە، نیگەرانییەکە شیاوی لێ تێگەیشتنە، کە لە ئاکامەکانی چوونە ناوەوەی عیراق لەهەر جۆرێك لە جۆرەکانی یەکگرتن یان یەکێتی لەگەڵ هەر وڵاتێکی تری



عەرەبیدا، سەرهەڵدەدا گەرچی هێشتا ئەم کارە هەر تەنیا لە چوارچێوەی تیوریی دایە بەڵام تەئکیدکردن و نوسراوی دەق لە نێو هەموو دەستورە کاتییەکانی کە یەك بە دووای یەك هاتوون، ئەوەیە کە عیراق پاژێکە لە نیشتمانی عەرەبی، ئەمە وادەکا کە هێنانەدی ئەم ئامانجە کارێکی پێشبینی کراو بێت. من وای دەبینم کە ئەم نیگەرانییە بنەمای ئەو داخوازییە کوردییەیە کە داوادەکا سەربازانی کورد دەبێ لە یەکەی کوردی سەربەخۆدا رێك بخرێن و دەبێ ئەرکەکانی خۆیان لە چوارچێوەی سنورەکانی کوردستاندا بەڕێوەببەن. ئەم داخوازییەش رووبەڕووی رەخنەگرتنی دوژمنانە و توند بۆتەوە و وەکو بەڵگەیەکی ئاشکرا بەمەرام و نیازی جیابوونەوەخوازیی دانراوە، (جیابوونەوە خوازی سیفەتێکە لە عیراقدا بەخراپی بەکارهاتووە هەروەکو چۆن سیفەتی شیوعیەت و رەگەزپەرستی و فاشیستی لە هەموو لایەکی دنیادا بەخراپی بەکارهاتووە). هەروەها ناوبژیوانی کارامە نابێ ئەوەی لە بیربچێت کە بانگەوازی هەردوولا بۆ رێککەوتن لەسەر ئەوە بکا کە سەربازانی کوردی بەشداریش دەکەن لە بەرگری کردن لە نیشتمانی عیراقی دژی داگیرکاریی دەرەکی بەڵام ئەوان رەوانەی دەرەوە ناکرێن تاکو بۆ نموونە بەهێزێکی میسری یان یەمەنییەوە پەیوەست بن.

هەروەها لەو خاڵانەی کە دەبێ ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە کە بەڵگەنامە کوردییەکە هێندێك داواکاری دەگرێتە خۆی کە وادێتە بەرچاوم بە تەواوی بێ کەڵکە و هێندێك جار زیانبەخشیشە و من وەکو دڵسۆزێك ئامۆژگارییان دەکەم کە وازیان لێ بهێنن، بۆ نموونە: داواکاری ئەوان لەسەر ئەوەی کە جێگری سەرۆك کۆمار، جێگری سەرۆك وەزیران و یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆك ئەرکانی سوپا کوردبن، ئەمانە لە واقیعی کردەنیدا دەسەڵاتی راستەقینەیان نابێ و مرۆڤ ئەوەندە بەسە کە دکتور فازل کوجك قوبرسی بێنێتەوە بیری خۆی تا لە دروستی ئەمە تێبگا، سەرەڕای ئەمەش هاتنەدی ئەم داواکارییانە بە تێگەیشتنێکی پێچەوانەوە مانای وایە کە سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیران، و سەرۆك ئەرکانی

سوپا هەرگیز کورد نابن!. بەڵام من دەبینم کە مادەی یازدەیەمی بەیاننامەی بەزاز کە دامەزراندنی وەزیرێکی تایبەتی کە سەرەڕای جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئاوەدان کردنەوە و گەشەپێدان، ئەرکی چاودێریکردنی هاوکاری و هاوئاهەنگی نێوان فەرمانگەکان و دامەزراوەکانی یەکە بەڕێوەبەرایەتیەکانیش دەبێ کە کورد تێیدا زۆرایەتی پێکدەهێنن و بەگەوهەری دۆزی کوردیشەوە پەیوەستن وەکو کاروباری کولتور و پەروەردەیی و زمان.

دامەزراندنی پەیوەندی لە نێوان عەرەب و کورددا وێکچووی پەیوەندی یەکگرتووی نێوان ئینگلیز و سکوتلەندییەکانە لە شانشینی یەکگرتوودا. چەندین جارە پێشنیاری ڕێگا چارەیەکی نموونەیی بۆ کێشەکە، کە شایستەی سیاسەتوانانی عیراقییە، پێشناردەکەم کە بەرەو ئەو ئامانجە بڕۆن، بەڵام پێویستە دان بەوەشدا بنرێت کە کێشەکە لە هەموو لایەنێکەوە وەکو یەك نییە، بۆ نموونە هەر لە سەرەتاکانی سەردەمی مەلیك فەیسەڵی یەکەمەوە لە لایەنی عەرەبییەوە رایەك هەیە کە هەر هاتنە خوارەوەیەك لە بەرامبەر مافەکانی کوردەکاندا تموحە جیابوونەوەخوازییەکان زیاتر هاندەدا. ئەم رایە هێشتا لە نێو سیاسەتوانانی عەرەب لە عیراقدا رایەکی باوە و دەبینین کە مافەکانی کورد لە هەر کوێیەك لە دەستورە کاتییە یەکبەدواییەکەکاندا ناوی هاتبێ بەرپستەیەك بەستراوەتەوە (لە چوارچێوەی یەکپارچەیی عیراقدا). بە رای من بەپێچەوانەوەیە. بوونی ژمارەیەکی گەورە لە دانیشتوانی کورد کە خوشگوزەران و رازی بن لە بار و وەزعی خۆیان و لە مافەکانی خۆیان لەگەڵ زۆررینەی عەرەبیدا بەهرەمەند و لە یەکسانیدا بژین و کەسایەتی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن، بەپێچەوانەی ئەو کوردانەی تر کە لە دەوڵەتەکانی دراوسێدا دەژین، دەڵێم بوونی ئەو کوردانە بە درێژایی سنورەکانی عیراق و لەگەڵ تورکیا و ئێران ئەوا خاڵی بەهێزییە نەك خاڵی لاوازی حکومەتی عیراقی.

هێنانەدی پلەی وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کوردەکان وێرا بەدەسەڵات و ڕێپێدانی راستەقینە لەناو حکومەتی ناوەندا، بێ ئەوەی زیان بە دەسەڵاتەکانی



ئەنجوومەنە ناوچەییەکان بگەیەنێ و بگرە بە متمانەی ئەوان پشت قایم بێ، ئەوا بە باوەڕی من هەنگاوێکی گرنگ و بگرە چارەنووسسازیشە لە پێناوی خولقاندنی پەیوەندیگەلێکی نموونەیی لە بەینی هەردوو لادا.

لە کۆتاییدا دێینە سەر لایەنی سێیەم واتە لایەنی دەروونی (سایکۆلۆجی) کە بریتییە لە متمانەی هاوبەش لە بەینی لایەنە پەیوەندیدارەکان و بە سروشتی حاڵ ئەم لایەنە بایەخی بنەڕەتی و کاریگەری خۆی هەیە.

بە پێویستی نابینم کە لێرەدا ئەوەی لەبارەی ترس و گومانەکانەوە کە لای حکوومەتی ناوەند هەیە دووبارە بکەمەوە و هەروەها بەپێویستی نازانم جارێکی تر ئەو کارڕاستاییە جوگرافی و بەڕێوەبەرایەتییانە کە پێشتر پێشنیارم کردن، کە پێموایە دەبێتە هۆی نەهێشتنی ئەو ترس و گومانانە یان بە لای کەمەوە سوکیان دەکا، باس بکەمەوە، و سەبارەت بە لایەنەکەی تر ئەوا هەڵوێستەکانی حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق هەر لە سەرەتاکانی سەردەمی پاشایەتییەوە تا رۆژگاری ئێستامان لە هەمبەر مافەکانی کورد بریتی بوون لە زنجیرەیەکی درێژ و بەردەوام لە درۆ و هەڵبەست و خودزینەوە و لە باشترین حاڵەتدا جێبەجێکردنێکی پاژەکییانەی (جزئی) خۆپەنادان لەو بەڵێنە نێودەوڵەتییانەی کە لە بارەی ئەوانەوە بە کۆمەڵی گەلان دراوە. هەروەها بەڵێن و وادەی چەندجارە بووە کە راستەوخۆ پێیان دراوە و لە ئەنجامدا بووە هۆی شکستێکی تەواو لە بەجێهێنانی ئەم بەڵێنانە. هەروەها ئەوان دەزانن و هەست دەکەن کە هەمیشە لە عیراقدا خۆ بە بالآزانانی شۆڤێنیستی عەرەب هەن کە بەردەوام هەوڵ دەدەن هەر ڕێگاچارەیەکی بنیاتنەر تێك بدەن کە سەرۆك وەزیرانێکی خاوەن نیازێکی پاك دەیەوێ جێبەجێی بکا. هەوروەها ئەوان دەزانن کە وەزارەتەکان زووبەزوو دەگۆڕێن و دەرەتانی ئەوە نییە کە تەئکید لە پابەندبوونی حکوومەتێکی نوێ بەرامبەر بەڵێن و پرۆگرامی حکوومەتی پێش

خۆی، بکرێ. هەروەها ئەوان بەدرێژایی پێنج ساڵ بە ئازایەتی و سەرکەوتووییەوە دژی هێزێك کە چەندان جار لە خۆیان بالاّدەست تر جەنگاون و ژن و منداڵەکانیان ئەو پەڕی ئازاریان چێشتووە و لە ژیانێکی ئەو پەڕی سەختی و تەنگەتاویدا ژیاون کە لە سەرووی ئەوەیە بتوانرێ وەسف بکرێ. لەبەر ئەوە کارێکی واقیعی و ماقووڵ نییە کە چاوەڕوانیی ئەوەیان لێ بکرێ چەکەکانیان فڕێ بدەن و تەنازول لەهەر پێگەیەکی هێز بکەن کە لێی بەهرەمەندن ئەمە هەر لەبەر ئەوەی کە چوونەتە ناو کاری دان و ستاندنەوە پێش ئەوەی بگەنە هێندێك پێشکاری بنەڕەتی بۆ چارەسەرێکی هەمیشەیی و پێش ئەوەی کە لەوە دڵنیابن کە حکوومەتی ناوەندی لە بەڵێنەکانیدا راستگۆیە و دەست دەکا بەجێبەجێ کردنیان بە دەستپاکییەوە.

**لەبەر رۆشنایی هەموو ئەوانەی پێشەوە وای دەبینم کە ئەرکەکانی ناوبژیوان وەکو خوارەوە دەبێ:**

**یەکەم:** یارمەتیدانی هەردوولا لە دانوستاندن بۆ گەیشتن بە رێککەوتن لەبارەی کارپێکهێنانی جوگرافی و بەڕێوەبەرایەتی بۆ چارەسەری کۆتایی. لەوانەیە ئەو بنەما و ئەو هێڵە گشتیانەی کە پێشنیارم کردن ناوکێکی گونجاو بن بۆ ئەم چارەسەرە و هەروەها بۆ یارمەتیدانیان لە دانانی کلێشەی پرۆتوکوڵەکان و یاسا پێویستەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە.

**دووەم:** کارکردن لەگەڵ هەردوولادا بۆ دانانی پرۆگرامێك بۆ چەند قۆناغێك بۆ دەستەبەرکردنی گواستنەوە لەم بارودۆخەی ئێستا (هودنەی چەکداری) بۆ حاڵەتی ئاسایی بەڕێوەبەرایەتی ((کارگێڕی)) لەسەر بنەمای رێگاچارەیەکی نوێ. بێگومان وردترین خاڵ لەم بابەتەدا پرسی هێزە چەکدارە کوردییەکان دەبێ. لەبەر ئەوە یەکەمین شت هەر بە سروشتی حاڵ دەبێ راگەیاندنی لێبووردنێکی گشتی سەراپایی بێ هەروەکو لە مادەی



نۆیەمی بەزازدا بەڵێنی لێدراوە. جا بەهۆی ئەوەی کە (پارتیزانان)ی کوردی هەروەکو روونم کردەوە ناتوانن بە یەکجار چەکەکانیان دابنێن ئەوا دەتوانرێ وەزعی ئەوان بەوە یەکلایی بکرێتەوە کە وەکو هێزێکی (پاسەوان) دانیان پێدا بنرێ و بەجۆرێکی کاتی بخرێنە سەر هێزی پۆلیس کە لە ژێر فەرمانی ئەنجوومەنی ناوچەییدان بۆ بەڕێوەبردنی پارێزگا یان ناوچەی سەلاّحەدین (ئومێدەوارم هەروەکو باسم کرد رێککەوتن لەسەر ئەم ناوە بکرێ) و بەم رێگایە دەتوانرێ کە سوپا بگەڕێتەوە بۆ ناو ئوردووەکانی خۆی لە کەرکوك و شوێنەکانی تر لەو ناوەندانەی کە هەر بە حاڵی ئاسایی لە کاتی ئاشتیدا دامەزراوە.

**سێیەم:** پەلەکردن لە پیادەکردن و جێبەجێ کردنی پرۆگرامی گواستنەوەی قۆناغبەندی و رێگاچارەی کۆتایی و چاودێری کردنی ئەو جێبەجێ کردنە بۆ ئەوەی لەگەڵ رێککەوتنەکەدا دەقاودەق یەکبگرێتەوە و پاشان لە ژێر دەستی هەردوو لادا وەکو حوکم و بەژرەوەندی بمێنێتەوە و لە حاڵی روودانی هەر جۆرە خراپ لە یەکترحاڵیبوونێك لە پیادەکردن و لێك دانەوەی یاساکان و پروتوکۆڵەکاندا روویدا تاکو ئەو کاتەی متمانەی هاوبەش لە نێوان هەردوولادا دەگەڕێتەوە و مەحکەم دەبێ و تا ئەو کاتە کە تێبینی دەکرێ و دڵنیایی بە دەستدێ لەوەی کە کاروبارەکان بە رەوتی سروشتی خۆیاندا دەڕۆن.

ئارەزوو بۆ دانیشتن لەسەر مێزی دانوستاندن، داوا دەکا کە رێگا چارەی مامناوەندی قبوڵ بکرێ، و وەکو وتەی دوایش حەز دەکەم روو بکەمە هاوڕێکانم لە هەردوولا و داوایان لێ بکەم کە بەچاوی بایەخەوە رەچاوی وتەی یەکێك لە گەورە بیرمەندانی ئینگلیز بکەن: (پێوەرەکانی پێگەیشتوویی لای مرۆڤ بە جیاوازییەکی گەورەوە دەگۆڕین بەڵام راستییەکی چەسپاو هەیە کە ئەویش ئەوەیە ئەوەی کە وادەردەکەوێ لە ئاشتیدا ناتەواوە (ناکامڵ) زۆر باشترە لەوەی کە تا ئەو پەڕی پلە تەواو (کامڵ) دیارە و ئاشتی لەگەڵدا نییە).

**له بەڵگەنامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان/عیراق:**

**یەکەم: جێگری سەرۆك کۆمار:**

بەشێوەیەکی راستەوخۆ و بەهەمان رێگا کە سەرۆك کۆماری عیراق هەڵبدەبژێرێ، ئەویش هەڵدەبژێردرێ، و مافی هەڵبژاردن تەنیا لەسەر هەرێمی (ئیقلیم) کوردستان قەتیس دەبێ و بارەگاشی لە پایتەختی لامەرکەزی دەبێ و دەسەڵاتەکانیشی دەستوری هەمیشەیی کۆماری عیراق، و حکومەتی لامەرکەزی کوردستان و دەستوری دەستەی جێبەجێکردنی هەرێمی کوردستان یان (ناوچە) دیاری دەکا.

**دووەم: ویلایەتی لامەرکەزی کوردستان:**

یان ئەنجومەنی جێبەجێکردنی هەرێم یان ویلایەت یان ناوچەی کوردستانی لامەرکەزی، لەم وەزارەتانەی خوارەوە پێکدێت:

أ- پەروەردە، بە هەموو ئەو ئەرکانە رادەگا کە تایبەتە بە کوردستان و وەزارەتی پەروەردە لە حکومەتی ناوەند پێی هەڵدەستێ.

**تێبینی:**

1- پێویستە لەسەر حکومەتی عیراقی کە ساڵانە ژمارەیەك لە قوتابیانی ناوچەی کوردستان کە لە ژمارەی دانیشتوان — هەر ناوچەیەکی تری عیراق کەمتر نەبێ قبوڵ بکا ئەمەش تا ئەو کاتەی کە زانستگای کوردستان دادەمەزرێ.

2- پێویستە وەزارەتی پەروەردە ساڵانە ژمارەیەك لە قوتابیانی ناوچەی کوردستان کە لە رێژەی دانیشتوانی ناوچەکە لەچاو دانیشتوانی عیراق کەمتر نەبێ، رەوانەی نێردە و زەماڵەی دەرەوە بکا و ئەمەش بەهەمان ئەو مەرجانە دەبێ کە وەزارەتی پەروەردە لە حکومەتی ناوەند دیاری دەکا.



3- وەزارەتی پەروەردە لە حکومەتی لامەرکەزی بۆی هەیە زەماڵە و نێردەی دەرەوە قبوڵ بکا و نێردەی خوێندن بۆ دەرەوە بنێرێ بێ ئەوەی پێویست بکا رای وەزارەتی پەروەردەی ناوەندی وەربگرێ.

ب- تەندروستی: حکومەتی لامەرکەزی هەڵدەستێ بەهەموو ئەو ئەرکانەی کە وەزارەتی هاوشێوە لە حکومەتی ناوەند پێی هەڵدەستێ.

ج- ناوخۆ: وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی لامەرکەزی هەڵدەستێ بە هەموو ئەو ئەرکانەی کە وەزارەتی هاوشێوە لە حکومەتی ناوەند پێی هەڵدەستێ.

د- کار، نیشتەجێ کردن، گەیاندن، داد، چاککردنەوەی کشتوکاڵ، کشتوکاڵ، کاروباری کۆمەڵایەتی، شارەوانی: هەموو وەزارەتەکانی حکومەتی لامەرکەزی بەهەمان ئەو ئەرکانە هەڵدەستێ کە وەزارەتی هاوشێوە لە حکومەتی ناوەند پێی هەڵدەستێ.

**تێبینی:** دەشێت ئەو وەزارەتانەی کە ناویان هات لەگەڵ یەکتریدا لێك بدرێن ئەمەش بۆ دەست پێوەگرتنی ئابووری و هەروەها بە مەبەستی هێنانەدی گونجاندن لە کاروبارە وێکچووەکاندا.

ه- وەزارەتی کاروباری ئابووری: هەڵدەستێ بەو ئەرکانەی کە بە وەزارەتی پیشەسازی و پلان دانان و نەوت سپێردراوە لەوەی کە پەیوەستە بە کاروباری دارایی و بازرگانی و ئابووری کوردستان، و هێندێك لە کاروبارەکانی ئەم وەزارەتانەی ناوەند بە وەزارەتەکانی لامەرکەزی دەسپێردرێ ئەمەش بۆ ئەوەی ببێتە هۆی بەخێرایی ئەنجامدان و پاراستنی هاوئاهەنگی و هاریکاریی لە نێوان کاروباری وەزارەتەکانی ناوەند و پێداویستییەکانی پێشکەوتنی ناوچەی کوردستان لە لایەنەکانی دارایی و بازرگانی و ئابوورییەوە.

و- وەزارەتی بەرگریی:

1- وەزارەتی بەرگری بە تەواوەتی وەزارەتێکی ناوەندییە.

2- بریکاری وەزارەتی بەرگری و جێگریی سەرۆك ئەرکانی سوپا کورد دەبێت.

**تێبینییەکان:**

1- سوپای عیراقی هەر بە ناوی خۆیەوە دەمێنێتەوە، لە حاڵەتی گۆڕانی ناوەکەیدا، ئەو بەشەی کە لە ناوچە یان هەرێمی لامەرکەزیدایە، بە سوپای کوردستان دەناسرێ.

2- ئەم سوپایە لە کۆکردنەوەی هەموو ئەو سەرباز و پلەدار و ئەفسەرانە پێکدێت کە خەڵکی ناوچەی لامەرکەزین، و پێویستە ئەفسەرانی ئەم سوپایە لە رۆڵەکانی ناوچەی لامەرکەزی بن.

3- ناشێت حکوومەتی ناوەند هێزی زێدەبار (أضافية) بنێرێتە ناوچەکە تەنیا لە حاڵەتی ئەوەدا نەبێ کە ناوچەکە بکەوێتە بەر هێرشی دەرەکی یان بوونی هەرەشەی دەستدرێژییەکی دەرەکی لەسەر سنورەکانی کۆمار، و ئەمەش بێ رەزامەندی یان داواکردن لە حکوومەتی لامەرکەزی یان ئەنجوومەنە نیشتمانییەکەی دەبێت، بەڵام بەجۆرێك کە تەگەرە نەخاتە نێو برگەی هەستانی سوپای عیراقی بە (فەرەزیاتی خۆی) -واتە بە مانۆڕی خۆی- و مەشق کردنی خۆی بە شێوەیەکی ئاسایی و ئەمەش پاش ئەوەی کە دەسەڵاتە لامەرکەزییەکان لە بارەی کات و شوێنی ئەم مانۆرانەوە، ئاگادار دەکرێتەوە.

4- دیاریکردنی سەرکردەی هێزەکانی کوردستان لە لایەن حکوومەتی لامەرکەزییەوە کاندید دەکرێ و ئەنجوومەنی نیشتمانی لامەرکەزی لە کاتی دیاری کردنی سەرکردەی ئەو هێزانە لە لایەن حکوومەتی ناوەندەوە، مافی ڤیتۆی هەیە.



5- کەرتەکان —واتە یەکەکان-ی سوپا کە لە کوردستانن، بەهیچ جوڵانەوەیەکی ناوخۆیی سەربازیی هەڵناستن تەنیا پاش داواکردنی یان رەزامەندیی حکوومەتی لامەرکەزی یان ئەنجوومەنی نیشتمانی.

6- دامەزراوە سەربازییەکان دەبێ ژمارەیەك لە قوتابیانی هەرێم قبوول بکەن کە لەگەڵ رێژەی دانیشتواندا بگونجێ تا ئەو کاتەی دامەزراوەی سەربازیی هاوشێوە دادەمەزرێ.

7- تاکو ئەو کاتەی کادیری هونەریی پێویست فەراهەم دەبێ دەکرێ شوێنە بەتاڵەکان بە کەسانی دەرەوەی ناوچەکە پڕ بکرێتەوە.

**دووەم: داهاتەکانی بودجەی لامەرکەزی:**

داهاتەکانی لامەرکەزی لەو باجانە و هەروەها لە پشکی خۆی لە داهاتەکانی نەوت و رەسمە گومرگییەکان، پێکدێت. ئەم پشکەش بریتی دەبێ لە نیوەی داهاتەکانی پترۆل لە کوردستان، و پشکێکی هاورێژە دەبێ لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکە، و هەروەها لەو رەسمە گومرگیانە و باجی تری گشتی و ناوەندی لە ناوەوەی هەموو کۆمار یان هاورێژە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان لە هەموو رسومەکان و داهاتەکان.

**تێبینی:**

1- لە گشت وەزارەتە ناوەندییەکاندا پێویستە بریکارێك هەبێ کە خەڵکی ناوچەکە بێ و لە لایەن حکوومەتی لامەرکەزییەوە کاندید دەکرێ.

2- پێویستە ژمارەی فەرمانبەران و خزمەتگوزاران لە وەزارەتە ناوەندییەکان کە خەڵکی ناوچەی لامەرکەزین بە رێژەیەکی ئەوتۆ بێ کە لە ژمارەی دانیشتوانییان لە چاو ژمارەی دانیشتوانی عیراق کەمتر نەبێ.

3- ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێم لە لایەن دانیشتوانی ناوچەی لامەرکەزییەوە هەر بەهەمان رێگای ئەنجوومەنی نیشتمانی عیراقی هەڵدەبژێردرێن، و لە کاروباری پەیوەست بە ناوچەی لامەرکەزی هەمان ئەو دەسەڵاتەی دەبێ کە دراوەتە ئەنجوومەنی نیشتمانی عیراقی، ئەمەش بە دانانی هەموو یاسا تایبەتەکان، و ئەو شتانەی کە رێکخستن و هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی وەزارەتە لامەرکەزییەکان و دامەزراوەکان و یاساکان و سیستەمەکان پێویستی پێ هەیە، بەو مەرجەی کە لەگەڵ دەستوری عیراقدا ناکۆك نەبێ.

جگە لەمانەی لە پێشەوە باسکران، ئەوا دانانی هەموو یاسا گشتییەکان لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیتشمانی عیراقی دەبێ، بەڵام ئەنجوومەنی ناوبراو و هەروەها هیچ دەسەڵاتێکی تر لە کۆماردا بۆی نییە قانونێك دابنێ لە دەسەڵاتی ناوچەی لامەرکەزی کەم بکاتەوە و چوارچێوەی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و بوارەکانی بەهرە وەرگرتن لەو مافانە بەرتەسك بکاتەوە.

لە کۆی هەموو ئەرکەکانی ئەنجوومەن تەسدیق کردنی بودجەیە کە حکومەتی لامەرکەزی پێشکەشی دەکات.

4- مافەکانی کەمینەکان:

مافە کلتوری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هاووڵاتیان لە کەمینە نەتەوەییەکان دەگرێتە خۆی لەوانە برا تورکمانەکان و ئاسورییەکان و ئەرمەنەکان و ئەوانیتر، لە رێگەی کردنەوەی قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان، و بوژاندنەوەی کەلەپوری نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانەیان و دەستەبەرکردنی یەکسانیی تەواو لە مافەکان و ئەرکەکانیان لەگەڵ رۆڵەکانی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد.

5- ناشێت حوکمی عورفی لە ناوچەی لامەرکەزی رابگەیەنرێت تەنیا پاش وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجوومەنی نیشتمانی نەبێ، و حکومەت لە هەل و مەرجێکدا، کە پێویستی دەیسەپێنێ، لە کاتی پشێوی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێمدا دەتوانێ رایبگەیەنێ بەڵام دەبێ داوا لە ئەنجوومەن بکا



کە لە ماوەیەکدا کۆببێتەوە کە لە حەوت رۆژ تێپەڕ نەکا بۆ ئەوەی رەزامەندیی لەسەر بدات.

(بۆ پیادەکردنی ناوەڕۆکی بەیاننامەی قۆناغبەندییە کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە مێژووی 15ی مارتی 1963 دەری کردووە و مەبەست لە رژێمی لامەرکەزی بریتییە لە دابەشکردنی عیراق لە رووی بەرێوەبەرایەتییەوە بۆ چەند پارێزگایەك کە هەر یەکێکیان تا پلەیەکی تەواو ئازادی کارکردنی لە بەرێوەبردنی کاروباری خۆی لە ژێر سەرپەرشتی حکوومەتدا هەبێ).

سنووری هەر پارێزگایەك بە پێی قانوون دیاری دەکرێ، و لە یەك لیوا یان زیاتر پێکدێ و لە لایەن فەرمانبەرانی حکوومەت و ئەنجوومەنگەلێکی هەڵبژێردراوەوە حوکم دەکرێ کە پێی دەگوترێ: (ئەنجوومەنی گوند، ئەنجوومەنی ناحیە، ئەنجوومەنی قەزا، ئەنجوومەنی لیوا، ئەنجوومەنی پارێزگا).

**دەزگای بەرێوەبەرایەتی لە ناوەندەکان بەمجۆرە پێکدێت:**

پارێزگار: حکوومەت بە مەرسوومێکی کۆماری دایدەمەزرێنێ، پارێزگار سەبارەت بە هەموو کاروبارەکانی پارێزگا لەبەردەم حکوومەتدا بەرپرسیار دەبێ و، بە حوکمی پلەکەی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا دەبێ.

★ ئەنجوومەنی پارێزگا: لەو ئەندامانەی کە بەرێگای دەنگدانی نهێنی هەڵبژێردراون و لەو ئەندامانەش پێك دێت کە حکوومەت بە مەرسوومی کۆماری دیاری کردوون

★ ئەنجوومەنی جێبەجێکردن: لە سەرۆکی فەرمانگەکانی ناوەندی پارێزگا پێکدێ. ئەندام و سەرۆکەکەی بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران دیاری دەکرێن. بەڵام جێگری سەرۆك ئەندامانی ئەنجوومەن لە نێوان خۆیاندا هەڵیدەبژێرن.

ئەنجوومەنی پارێزگا- کە بە پێی قانوون دەسەڵاتی خۆی پیادە دەکا لەم کاروبارانەی خوارەوە تایبەتمەندی هەیە:

1- پەروەردە و فێرکردن

2- کاروباری شارەوانی و دێهاتەکان

3- کاروباری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و گەیاندن

4- بژێوی و بازرگانی

5- کاروباری تەندروستی

6- کاروباری کۆمەڵایەتی

7- کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێری

(ئەنجوومەن بە شێوەیەکی گشتی بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی پارێزگا و تەئکیدکردنەوە لە هەستانی دەزگا کارگێڕییەکان بە ئەرکەکانی خۆیان بە شێوەیەك کە بە تەواوی لەگەڵ سیاسەتی حکوومەتدا بگونجێ).

ئەنجوومەن بۆی هەیە (کۆمەڵە نەزمێکی ناوچەیی دەربکا بە پێی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە قانووندا روونکراوەتەوە، بەو مەرجەی کە ملکەچی پەسەندکردنی وەزیری تایبەتمەندبێ. هەروەها ئەنجوومەن بودجەی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەیی و بودجەی پارێزگا پەسەند دەکا و بۆ حکوومەتی دەنێریت تا بڕیاری لەسەر بدات).

(بەڵام ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی پارێزگا تایبەتمەندە بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا بە مەرجێك ئەو بڕیارانە لە لایەن وەزیرەوە پەك نەخرابن.

هەروەها تایبەتمەندە بە جێبەجێکردنی قانوون و نیزام و راسپاردەکانی حکوومەت. لە کاتێکدا ئەگەر پارێزگا ئەنجوومەنی نەبوو، ئەنجوومەنی جێبەجێکردن هەموو دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا بەڕێوەدەبا و دەسەڵاتی گواستنەوەی فەرمانبەران و خزمەتگوزارانی هەیە (جگە لە ئەندامانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن) لە ناوەوەی پارێزگا و هەروەها دامەزراندیانی هەیە. پرۆژەی بودجەی پارێزگا و پرۆژەکانی نیزامیی ناوچەکە و راگرتنی هەموو



حیساباتەکانی پارێزگا و ئامادەکردنیان بۆ ووردبینی، رێکدەخا و ئامادەیان دەکات. داهاتەکانی پارێزگا لەمانە پێکدێت:

★ نیوەی سەرجەمی داهاتی حکوومەت لە باجی موڵکایەتی.

★ نیوەی رسوماتی بەنزین.

★ پاشرسوماتی کە دەخرێنە سەر موڵك و بەکاربردن.

★ رسوماتی شارەوانی کە حکوومەتی ناوەند دیاری دەکا.

★ ئەو بەخشینە تایبەتانەی کە خەزێنەی ناوەند پێشکەشی دەکا.

★ کرێی پردەکان و رێڕەوەکان

★ هەر جۆرە پشکێکی داهاتی دەوڵەت کە حکوومەتی ناوەندی بە قانوون دیاری دەکا.

★ هەروەها پشکێك کە حکوومەتی ناوەندی لە باجی جێماوەکان ((تەرەکات)) لەو ماڵ و سامانەی کە دەکەوێتە سنوری پارێزگا بەخشینەکان و ئەو ماڵ و سامانە جێماوانەی کە میراتگریان نییە.

★ قەرزوەرگرتن و ئەو بڕە پارانە کە لە بودجەی گشتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوچەیی لە بانکدا داندراون.

ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە رێنوێنی گشتی ئاراستە بکا و ئەنجوومەنی پارێزگاش پێیدادەچێتەوە و لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەم ئەنجوومەنە بەوە رازی نەبوو ئەوا ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە هەر بڕیارێك کە ئەنجوومەنی پارێزگا دەریدەکا، رایبگرێت یان هەڵیبوەشێنێتەوە یان هەمواری بکا، هەروەکو دەسەڵاتی هەیە بۆ ئەم مەبەستە هەر دەسەڵاتێك یان تایبەتمەندێك لە ئەنجوومەنی پارێزگا بستێنێتەوە.

## پارێزگاکان و سنوورەکانیان

لەوەوە کە ئامانجی بنەڕەتی لە رژێمی بەڕێوەبردنی لامەرکەزی کۆکردنەوەی پارچە بڵاوەکانی کوردستانی عیراقە لە چەند موتەسەریفیەتێکدا لە نێو یەك یەکەی

بەڕێوەبەرایەتیدا، ئەوا چاوپێداخشاندنەوەیەك بە سنووره بەڕێوەبەرایەتییەكانی موتەسەریفیەتەكاندا دەكرێت:

- قەزای كوردیی چەمچەماڵ لە لیوای كەركوك دابڕێنراوە و بە لیوای كوردیی سلێمانیەوە لكێنراوە.

- لە لیوای موسڵ پێنج قەزا دابڕێنراون كە ئەمانەن: زاخۆ، دهۆك، ئامێدی، ئاكرێ، زێبار، ئەمەش بۆ ئەوەی لیوایەك بە ناوی لیوای دهۆك پێك بهێنن كە زۆربەی دانیشتوانی كوردن و هەروەها ئاسورییەكانیش هەن.

- پێكهێنانی پارێزگایەك بە ناوی پارێزگای سلێمانی، كە ناوەندی جولانەوەی نەتەوەیی كوردییە و بنكەی تیشكدانەوەیەتی و ئەم پارێزگایە پێكدێت لە:

- لیوای سلێمانی - لیوای هەولێر - لیوای دهۆك. پاشكۆی ژمارە (یەك)، پرۆژەی بەڕێوەبەرایەتی لامەركەزی لە عیراقدا ئەم دابەشكردنە بەڕێوەبەرایەتیانە روون دەكاتەوە، هەروەها ئاماژە بۆ پێكهێنانی پارێزگای تریش لە بەشی عەرەبیی عیراق بەم جۆرەی خوارەوە دەكا:

**أ- پارێزگای موسڵ:** لە لیوای موسڵ پێكدێت و بەدەر لەو پێنج قەزایەی كە لێی جیاكراوەتەوە.

**ب- پارێزگای كەركوك:** لە لیوای كەركوك پێكدێت بەدەر لە قەزای چەمچەماڵ، و ناوەندی ئەم پارێزگایە لیوای كەركوك دەبێ.

**ج- پارێزگای بەغدا:** لە لیواكانی بەغداد، رومادی، دیالە و كوت پێكدێت.

**د- پارێزگای حیللە:** لە لیواكانی دیوانیە و حیللە و كەربەلا پێكدێت.

**ه- پارێزگای بەسرە:** لە لیوای بەسرە و ناسریە و عەمارە پێكدێت[1].

[1]- بەر لە كودەتای حیزبی بەعس لە تەموزی 1968، عیراق لە رووی دابەشكردنی بەڕێوەبەرایەتییەوە، بەسەر چواردە لیوادا دابەش دەبوو. ((وەرگێڕ)).



## زمانی كوردی

سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی لامەركەزی بڕیاریداوە هەردوو زمانی عەرەبی و كوردی دوو زمانی رەسمین لە پارێزگای سلێمانیدا بەڵام زمانی خوێندن لە قوتابخانەكانی سەرەتایی و ناوەندیدا زمانی كوردی دەبێت، و زمانی عەرەبی زمانی دووەم دەبێ، بەڵام لە قۆناغەكانی دواناوەندیدا زمانی عەرەبی دەبێ.

## یادنامەی بارزانی

**بەرێز جەنابی موشیر روکن عەبدولسەلام محەمەد عارف**

**- سەرۆك كۆماری عیراق**

**بەرێز جەنابی فەریق تاهیر یەحیا – سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران**

**جەنابی سەرۆك:**

بەهۆكاری ئەوەی كە بە ئەركی سەر شانمی دەزانم، و لەمكوومبوون بۆ یەكێتی و پاراستنی هەردوو گەل، گەلی عەرەب و گەلی كورد لە عیراق، بەهەستێكی دڵسۆزانەی نەجیبانەوە ئەم یادنامەیە گەڵاڵە دەكەین... و بەهەموو تاڵییەكەوە كە واقیعەكە دەخاتەڕوو، پێشكەشی دەكەین، بە گیانێكەوە كە ئیمانی بە ئاشتی و ژیری هەیە: ئەو دوو ڕێگایەی كە بەرەو ئەنجامێكی باش دەچن، دوور لە بینینی جەرگبڕی خوێن كە لوتكە بەرزەكان و ... و دەشتە سەوزەكانی سووركردووە، خوێنی گەلێكی ئازاد كە بەسەریدا سەپاوە بە ڕێگای ئازاردا بڕوات و ژیانێكی سەرفرازانەی دەوێ، ئەو بیر و رایانەی كە لە یادنامەكەدا هاتوون، بریتییە لە كۆدەنگی زۆربەی هەرە زۆری گەلی كورد، ئەمانە وشەگەلێكی هەقن كە واقیعی مێژوویی... و قانونی... و ئیرادەی ژیان پاڵپشتیان لێدەكا، دوور لە گەردو پۆخڵییەكانی شێواندن و گومڕاكردن.

**جەنابی سەرۆك:**

لەو كاتەوە كە تارمایی مەرگ لەسەر كوردستان دیارنەما... و نیشانەكانی ئاشتی بە دیاركەوتن... و بوارێك بۆ گوت و بێژێكی هێمنانە رەخسا بۆ ئەوەی ئەو شتانەی كە ئاڵۆزكاون لێك بكرێنەوە، تا دەگاتە ئەمڕۆ، كە خۆی لە نزیكەی ساڵێك دەدات، بێ ئەوەی گەلی كورد بەرجەستەبوونی ئومێدێكی كەمی تێدا بەردەست بكەوێ كە بەهۆی ئاگربەستی راگرتنی شەڕەوە دەرگای بە ڕوودا كراوەتەوە.



ئێمە لەوانەیە هەقمان بێ... ئەمەش بە حەسرەتەوە دەڵێین: تۆوی متمانە چێندراوە، بەڵام چەكەرەی نەكرد، و لەوانە بوو گەڵا دەربكا و گوڵ بدات، ئەو كەسەی بە وردییەوە بڕوانێ... هەست بە نائومێدی و وشكی دەكات.

**ئێستا ئەوەی كە ڕوویداوە بابیخوێنینەوە:**

مافی هاونیشتمانێتی لە عیراقدا... و یەكسانی لە دەرفەتەكاندا لە ڕووی تیوریی و واقیعییەوە سنورێكی ڕوون و ئاشكرای هەیە... و ئەرك و ماف لە یەكتری جیادەكاتەوە بەڵام ئەمڕۆكە تاكی كورد وایلێهاتووە لە واقیعێكدا دەژی كە سنوری مافی تێدا نەماوە... و سنوورەكانی ئەركی تێدا بەرجەستە بووە، بەشێوەیەك كە لە تێگەیشتندا لەگەڵ مانایەك لە ماناكانی هەڵاوادنی رەگەزپەرستیدا كە مرۆڤایەتی ریسوا و سەركۆنەی كردووە، یەكسان بووە. لەو نموونانەش وەزیفە گشتییەكانی شارستانی و سەربازی بە ڕووی كورددا داخراوە، نزیكەی هەزار كەس لە گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەت هەن... چەند هەزار ئەفسەرێكی هێزە چەكدارەكانیش هەن كە جگە لە كەمێكی كەم كە لە پەنجەی دەست تێناپەڕێ، كوردێكی تێدا نییە هەروەها هەر لەو نموونانە:

وەزارەتی نەوت فەرمانگەیەكی دەگرتە خۆی بەناوی (بەعیراقیكردنی كۆمپانیاكانی نەوت) بەڵام لەم دواییانەدا ناوەكەی بۆتە ((بەعەرەبكردنی كۆمپانیاكانی نەوت) و لە نێوان (بەعیراقیكردن) و (بەعەرەبكردن)دا مافی كورد ون دەبێت....

**هەر لەم نموونانە:** ئەوەی كە لە چەند مانگێكدا لەوێران كردنی كوردستاندا خەرج كراوە، لە سەد ملیون دینار نزیك بۆتەوە. حوكمی ئێستای عیراق پاش 18ی تشرینی دووەم بە پروپاگەندە و ژاوەنانەوەیەكی زۆرەوە رایگەیاند كە ساڵانە پێنج ملیون دیناری بۆ نۆژەنكردنەوەی ئەو كاولكارییە تەرخان كردووە، كە لە چەند مانگێكدا سەد میلون دیناری تێچووە. مەسەلەكەش تەنیا لەم رادە بێزەوونەدا ڕاناوەستێ بەڵكو بەرەو (بێزەوونی) زیاتر چووە، لەم پارە كەمەی تەرخانكراوە تەنیا چەند هەزار دینارێك خەرج كراوە، مەبەستی خەرج كردنەكەش

-كە رووی نامۆییەکەش ئەلێرەدایە- بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی بنکەکانی پۆلیس و رێگا سەربازییەکانی بووە.

**لەوەش سەیرتر:** بڕێکی تری چووەتە گیرفانی (جاشەکان) ئەوانەی کە دەسەڵات بە فورسان ناویان دەبات. سەرەڕای ئەوەی ئێستاش بودجەی دەوڵەت، بە تەرخان کردنی پارەی زۆر، شەکەت دەکەن لە بەرامبەر دەستدرێژی کردنیان بۆ سەر مافەکانی گەلی کورد... و رێگەدانیان بە کوشتن.... و تالان و برۆ.

**هەر لەم نموونانە:** لەو موعاناتەی کە گەلی کورد چێشتوویەتی... لە قەڵاچۆکردن بە دەست چەکی لەناوبەر و کاولکەر... و لەو سوتان و کوشتنە کە بەسەر گوندەکاندا هاتووە... هەروەکو لە سلێمانی و هەولێر و کەرکوك و خانەقین روویدا... لە شارەکان و شارۆکەکان و گوندەکان بەشێوەیەك روویداوە کە قەڵاچۆی نەژادیی وەبیردێنێتەوە... هەموو ئەمانەش بە لێپرسراوێتی هێندێك کەس بووە کە ئەمڕۆکە لە پلەی بەرپرسیاریدان.

**ئێمە دەڵێین:** سەرەڕای ئەوەش کە پرۆسەی راگواستنی کورد جێبەجێ کراوە، کە لەوانە 37 گوند لە گوندەکانی هەولێر لە خاوەنەکان و دانیشتوانەکانی لە جوتیاران چۆڵکراوە... و دراوە بە عەشیرەتە عەرەبەکان و لەوێدا نیشتەجێ کراون و پارەو پاسەوانییان بۆ دابین کراوە و هاوکاریان بۆ کاری کشتوکاڵ پێدراوە، ئەمەش بە مەبەستی بەعەرەبکردنی ناوچەکە.

و لە کەرکوك - ناو شارەکە- هەزاران خێزانی کورد لە ماڵەکای خۆیان دەرکراون تاکو خێزانی عەرەب لە شوێنەکانی ئەوان نیشتەجێ بن، لەگەڵ ئەم هەڵمەتی راگواستنەدا درکاندنی گەورە بەرپرسانیشی لەگەڵدا هات کە بە روونییەوە ئاماژە بەوە دەکا کە ئەوەی روودەدات ئەوا لە پێناوی عروبەی عیراق دایە و گەلی عەرەبی وا حاڵی بکەن کە مانەوەی عروبە نایەتەدی تەنیا بە لەناوبردنی گەلی کورد نەبێ.

ئەم وێنەیە بە قووڵایی ئازارەکانییەوە کە هەیەتی تەنیا بۆ وەبیرهێنانەوەی رابردوو نایانگێڕینەوە، بەڵکو ئێستاش ئەمانە بەردەوامن، و حوکمی ئێستا



بەهیچ کارڕاستاییەك هەڵنەستاوە کە واهەستی پێ بکرێ بیەوێ چارەسەری کێشەکە بە رێگاچارەیەکی ئاشتییانە بکا. ئێستا نزیکەی نۆ مانگ تێپەڕیوە و حاڵەکە هەروەکو خۆیەتی و مانەوەی حاڵەکەش وێرا بە دانپێدانان بەخراپییەکەی بەڵگەیە و پێویستی بە لێرامانێکی قووڵ نییە.

**جەنابی سەرۆك:**

بەڵگە نەویستە کە کورد — شان بە شانی عەرەب لە عیراق، ناکرێ لە کاری سیاسی مەشروع، هەروەکو پاژێك لە مافی هاووڵاتیبوون، گۆشەگیر بێ، بەڵام واقیعی حاڵ بە روونییەوە ئاماژە بەوە دەکا کە گۆشەگیرکردنی سیاسی بە رێگایەکی ناڕاستەوخۆ، حوکمی ئێستا بەسەر گەلی کوردیدا سەپاندووە. بەڵگەی ئەم کارەش لەوەدایە کە حوکمی ئێستا، کاری سیاسی مەشروعی لە تاکە چوارچێوەی رێکخستنی حکومیدا کە ((الاتحاد الاشتراکی العربی))یە قەتیس کردووە، کە هەر لە ناوەکەیەوە گۆشەگیرکردنی سیاسی کورد، دەردەکەوێ، ئەگینا چۆن بواری کاری سیاسی بۆ گەلێکی غەیرە عەرەب دەرەخسێ لە رێکخستنێکدا کاربکا کە لەوێدا جێگایەکیان نییە؟

ئەم پرسیارکردنە بەرەو پرسێکی دیکەی بەڵگەنەویستمان دەبا کە تەئکید لە مەرامێکی شاراوە دەکا کە بریتییە لەوەی ئەم حوکمەی ئێستا دەیەوێ کە کورد عەرەب بێت... یان بەلای کەمەوە کوردێتییەکەی خۆی لە دەستبدات بۆ ئەوەی لە سادەترین مافەکانی هاووڵاتیبونی لە عیراقی نیشتیمانی خۆیدا، بەهرەمەندبێ کە ئەویش کاری سیاسییە... لەوانەش مەبەست لەو رێ شوێنەی کە دەسەڵات بە پەلە وەری گرتووە... کە ئەویش لەسەر ئەوە رانەوەستاوە تا هەڵوێستی گەلی کورد لەبارەی (الاتحاد الاشتراکی) یەوە بزانێ ئەمەش بۆ تێپەڕاندنی ئەو مەرامە شاراوەیەی کە سەلماندنێکی بەڵگەنەویست کە پێشتر جێگیرمان کرد، پەردەی لە رووهەڵماڵیوە. هەروەها هێندێك عەرەب دانراون کە گوایا ئەوانە نوێنەرانی لیوا کوردییەکانن، ئەمەش تەئکید لەو لێکدانەوەیە دەکا

که ئێمە بۆی چووین. بەمەش ئەو هەقیقەتە دەدرەوشێتەوە کە تەئکید دەکا حوکمی ئێستا دەیەوێ کوردەکان هاوولاتیگەلێکی بێ ماف... بن.

**جەنابی سەرۆك:**

ئەم ماوەیە لە وەختی ئاگربەستەوە تاکو دەگاتە ئەمڕۆ کۆمەڵێك ئاخاوتن و گوتوبێژی لەگەڵ بەرپرسانی حوکم تێدا ئەنجامدراوە... سەرەڕای ئەوەی کە مافەکانی گەلی کورد لە ئۆتۆنۆمیدا ئێستا کە مافێکی سەلمێنراوە، بەڵام ڕێزدار سەرۆك وەزیران گۆشە نیگایەکی سەیر هەروەها پەکخەری بۆ مافێك خستۆتە روو کە مافێکی جێگیر و سەلمێنراوە. ئەو ئاماژەی بەوەدا کە ئەم حکوومەتەی ئێستا لە غیابی پەرلەمانی هەڵبژێردراو لە میللەت، مافی قووڵبوونەوەی لەمبابەتەدا نییە، ئەم ئاماژەیە لە دیوار هەڵچنین بە دەوری مافەکانی گەلی کورد زیاتریش دەنوێنێ، ئەم ئاماژەیە هەڵاتن لە چارەسەکردنی دۆزەکە لە خۆیدا دەگرێتە خۆی و ئیدی وایلێهاتووە کە هەڵاتن بووەتە پرۆگرامی حکوومەت، ئەمەش هەر لە بنەڕەتدا لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە ڕەت دەکرێتەوە:

**یەکەم:** گەلی کورد لە عیراقدا تازەهاتوو نییە، و گەلێکی بێ خاکیش نەبوو، و هەروەها بێ مافیش نییە تا قووڵبوونەوە لە جێگیرکردنی مافەکانی دوابخرێ تا ئەو دەمەی گەل لە عیراقدا پەرلەمانێکی[1] دەبێ و بڕیاری

---

[1]- پێشتر، هەر لە دوو توێی ئەم یادنامەیەدا بارزانی ئاماژە بەوە دەکا کە لە ماوەی چەند مانگێك شەڕ، خەرجی شەڕ لە سەد ملیۆن دینار نزیك بۆتەوە، کە لە وێرانکردنی کوردستاندا خەرج کراوە... پیاوانی دەسەڵات، کە بێ پەرلەمان بوون و بێ دەنگدانی گەل جڵەوی دەسەڵاتیان گرتبووە دەست، بە خۆیان ڕەوا دەبینی ئاگری جەنگ، کە کەرەسەکەی هێزی بەشەریی گەلانی عیراق و سامان و داهاتی رۆڵەکانی بوو، درێژە پێبدەن، کەچی بۆ ئاشتی و برایەتی و ئیقرارکردن بە مافەکانی گەلێك، کە لەناو یەك وڵاتدا لەگەڵیاندا دەژیا، بیانووی نەبوونی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراویان دێنایەوە. ئەمە رووی ڕاستی کارەساتی پتر لە هەشتا ساڵی دەوڵەتێك بوو، کە نەیدەتوانی هەزمی قبووڵکردنی بوون و ئیرادەی گەلێکی غەیرە عەرەب بکا. (وەرگێر)



لەسەردەدا، گەلی کورد هەروەکو گەلی عەرەبی برای لە عیراقدا، کۆنە و ئەویش هەروەکو گەلی عەرەب لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانی رزگاربوو و ڕێگای هاوبەشبوونی لەگەڵ عەرەبدا بە ڕەزامەندییەکی گشتی لە ژێر سەرپەرشتییەکی نێو دەوڵەتیدا گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی لەو عیراقەدا کە عەرەب و کورد بنیاتیان ناوە ئازاد و سەربەست، لەسەر بنەمای یەکسانی تەواو لە مافەکان و ئەرکەکانیان، هەروەکو لە ئیلتزاماتەکانی حکوومەتی عیراقیدا هەر لە کاتی دامەزراندنییەوە هاتووە و درکاندنی مێژووی 25ی ئایاری 1932ش تەنیا یەکێك لەو بەڵگە زۆرانەیە، مادەی نۆیەم لە درکاندنی ناوبراودا دەقی ئەوەی تێدایە کە زمانی کوردی زمانی ڕەسمی فەرمانگەکان... و دادگاکان... و قوتابخانەکانی کوردستان دەبێ و بەرێوەبردنی ناوچەکەش لە لایەن فەرمانبەرانی کوردەوە دەبێ.

(هەروەها دەقی مادەی یەکەم و مادەی دەیەمی ئەو درکاندنە، مافە جێگیرکراوەکانی گەلی کوردە کە بە قانونگەلێکی بنەڕەتی دادەنرێن کە ناشێ هیچ قانونێك... یان ڕژێمێك... یان کارێکی ڕەسمی نە لە کاتی خۆیدا و نە لە داوڕۆژدا... هەڵیبوەشێنێتەوە یان بە ڕوویدا بوەستێتەوە... ئەم ئیلتزاماتانەش بەهایەکی نێودەوڵەتییان هەیە.

لەوەی پێشەوەڕا بە ڕوونی دەردەکەوێ کە گۆشەنیگای ڕێزدار سەرۆکی وەزیران مافی گەلی کورد پەك دەخات. ئەو مافە شەرعیەتێکی ڕەگ داکوتاوی هەیە کە لەگەڵ پێکهاتنی دەوڵەتی عیراقیدا وەکو دەوڵەت، دەستی پێکردووە، بگرە بنەمایەك بوو لە بنەماکانی پێکهاتنی عیراق لە ڕووی نێو دەوڵەتییەوە ئێستاکەش بۆ جێگیرکردنی شتێکی جێگیر پێویست بە قانونێکی نوێ ناکات، و ڕێگە بە قانونێکی نوێ نادات کە هەڵیبوەشێنێتەوە.

**دووەم:** شۆڕشی (14 تەموز) بوارێك بوو بۆ گەشەکردنی نەتەوەیی عەرەب و لە هەمانکاتیشدا بۆ نەتەوەی کوردیش کەوای لە دەستوری کاتی، کە پاش ئەوە

دەرچوو، کرد، کە بە دەقێکی قانوونیی راشکاوانە تەئکید لە بوونی نەتەوەیی عەرەب و کورد لەسەر بنەمای هاوبەشیی لەم نیشتمانەدا، دەکاتەوە.

پاش (14ی رەمەزان) دەسەڵات کۆمەڵە هەنگاوێکی بەرفراوان تری نا بۆ روونکردنەوەی مافەکانی هەردوو نەتەوەی برا لە عیراقدا، ئەوەبوو ئەنجوومەنی نیشتیمانی سەرکردایەتی شۆڕش ئەوسا بەیاننامەیەکی دەکرد کە دانپێیدانان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای لامەرکەزی دەگرێتە خۆی، شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە بەرێزتان و هێندێك لە بەرپرسان بەشداریتان کرد لە دەرهێنانی ئەم بەیاننامەیەدا، هەروەها ئەوەتان جێگیرکرد کە کوردەکان گەلێکن و کەمینە نین و خاوەنی مافە بنەڕەتییەکانی خۆیانن. بەڵام ئەوەی کە بۆتە مایەی واقوڕمانی گەلی کورد، ئەوەیە کە دەستووری کاتی کە ئێوە لە پاش (18ی تشرین) دەرتانکردووە، لە ئاستی ئەو باروحاڵەدا نەبوو کە دەستوری کاتی لە پاش شۆڕشی (14ی تەموز)... و بەیاننامەی ئەنجوومەنی نیشتمانی پاش (14ی رەمەزان) تێیدابوو. بگرە بەجۆرێکی تەمومژاویی و لاوەکی و لە بەشێکی ناسەرەکی و بەشێوازێکی نارۆشن کە هەرگیز شیاوی قبووڵ کردن نییە باسیکردووە.

سێیەم: حکوومەتی ئێستا کۆمەڵە قانونێکی دەرکردووە کە بەریەککەوتنێك لەگەڵ مافەکان و ئەرکەکانی هاووڵاتیان بگرە، لەوەش زیاتر بە قەوارەی ئەوان پێکدەهێنێ. هەروەکو قانونەکانی ئیشتراکیەت، و هەروەها کۆمەڵە قانونێکی دەرکردووە کە بەریەککەوتنێکی بۆ قەوارەی هەموو عیراق بە گشتی تێدایە... وەکو پەیماننامەی یەکگرتن (6ی ئایار) هەموو ئەمانەش بێ ریفراندۆمێکی گشتی و بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراوی نوێنەران، کراون.

بەڵام لە بابەت دانپێدانان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد ئەوا لە رووی قانونیی و نێو دەوڵەتییەوە جێگیرن... بەڵگەهێنانەوە... و دواخستن، بە بیانووی ئەوەی کە ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی نوێنەران بوونی نییە، تێیدا رەنگی داوەتەوە، لەوانەی پێشووەوە ناکۆکییەکی نامۆ هەیە کە کۆمەڵە پرسیارێکی زۆر دێنێتە ئاراوە.



لەوەی کە لە پێشوودا باس کرا ئەمە پوختە دەکەین گەلی کورد... کە لە پێناوی نەتەوایەتی و قەوارەی خۆیدا باشترین رۆڵەکانی خۆی کردۆتە قوربانی، ناتوانێ لەگەڵ هیچ کارێکدا بێت کە لە مافە نەتەوەییە هەرە پێویستەکانی کەم بکاتەوە یان پەکی بخات. هەر بەو ئەندازەیە کە پابەندی رێگاچارەی ئارام و ئاشتییانەیە هەر ئاواش ئامادەیە کە لە پێناوی پاراستنی مافەکانی و ئامانجەکانیدا قوربانیی بەهەموو شتێك بدات. داخوازیی هەرە پێویست و دادپەروەرانە بریتییە لە وەڵامدانەوەی مافی گەلی کورد لە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆمارێکی دیموکراسی دەستوریی عیراقیدا، هەروەکو ئەو دەوڵەتانەی تر کە لە نەتەوەیەك زیاتری تێدا دەژی... وەکو یوگوسلاڤیا و سویسرا... یەکێتی سۆڤێتی... چیکوسلوڤاکیا... و کەنەدا... و هیند و هیتریش... کە تێیدا ئەو دەوڵەتانە لە رێگەی رەچاوکردنی خاڵێکی گەوهەریی کێشەی نەتەوەکانیان چارەسەکردووە، کە ئەویش دانپێدانانە و جێبەجێکردنی مافە نەتەوەییەکانی هەموو ئەو نەتەوانەیە کە لەوێدا دەژین بە ئاستێکی یەکسانی.

بەرژەوەندی نیشتیمانی ئەوە دەخوازێ کە پێویستە بە گیانی تێگەیشتنێکی روون... و راستگۆیی لە کارکردن، و دەستپێشکەریی کردن لەبەر رۆشنایی ناوەڕۆکی ئەم یادنامەیە لە بارەی خاڵەکانی روودانی کێشەکان و رێگاچارەیان. پشتگوێ خستنی ئەو شتانەی کە تێیدا هاتووە، مانای تەئکیدکردنەوەیە لە گیانی گومانباری و رۆیشتن بەو رێگایانەدا دەگەیەنێ کە ناگاتە رێگاچارەی نزیك و روون کە بەرژەوەندی نیشتیمانی لە عیراقدا دەیسەپێنێ تا ئاڵای برایەتی عەرەب و کورد باڵی بکێشێ بەسەر عیراقدا و لە هەمانکاتدا پشتەوانیی لە ئاواتەکانی هەردوو گەلی عەرەب و کورد بکا دوور لەو مەترسییانە و کارەساتانەی کە کۆسپیان ناوەتە بەردەم رێگای پێشکەوتنی شارستانێتی عیراق.

هیوامان بەهێزە کە ئەم یادنامەیەی ئێمە لە لایەن ئێوەوە بەبایەخێکی پێویستەوە وەردەگیرێ و دەبێتە مایەی ئەوە کە شاندێکی دەسەڵات پێدراو کە

دەسەڵاتی تەواوی هەبێ دیاری بکرێ تا لەگەڵ شاندی ئێمەدا کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە بەیەك بگەن... بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی یەکلاکەرەوەی کۆتایی بۆ مەسەلەکە.

**مافەکانی گەلی کورد هەروەکو ئێمە داوای دەکەین ئەمانەیە:**

1- هەموارکردنی برگەی کۆتایی مادەی 19 لە دەستوری کاتی کە دەقەکەی دەڵێ (ئەم دەستوورە ئیقرار بە مافە نەتەوەییەکانیان لە چوارچێوەی یەکێتی عیراقدا دەکا).

2- بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی لە مادەی یەکەمدا هاتووە ئێمە وای دەبینین کە جێبەجێکردنی ئەمە وەکو خوارەوە دەبێ:

أ- یەکەیەکی بەڕێوەبەرایەتی کە لیواکانی: هەولێر — کەرکوك — سلێمانی و قەزاکانی زاخۆ، دهۆك، ئاکرێ، ئامێدی، شێخان، سنجار، تەلەعفەر، خانەقین و هەموو قەزا و ناحیەکانی کە لیوای موسڵ و دیالە زۆرایەتی کوردی لێ دادەنیشێ پێکدێت و ئەم یەکە بەڕێوەبەرایەتییە بە ویلایەتی یان پارێزگای کوردستان دەناسرێ.

ب- ئەم ویلایەتە یان پارێزگا لە لایەن ئەنجوومەنێکی جێبەجێکردنەوە بەڕێوەدەبرێ کە لە ئەنجوومەنێکی یاسادانانەوە هاتووە، و پێی دەگوترێ ئەنجوومەنی ویلایەت یان پارێزگا... کە ئەندامەکانی بە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لە لایەن دانیشتوانی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێن، و ئەنجوومەنی جێبەجێکردن لەبەردەم ئەنجوومەنی ویلایەت یان پارێزگا بەرپرسیار دەبێ و ئەنجوومەنی یاسادانان بۆی هەیە متمانەی لێ بستێنێتەوە و لە ڕێگەی سەرۆکەکەیەوە کە پێی دەگوترێ سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی ویلایەت یان پارێزگای کوردستان بە حکومەتی ناوەندییەوە پەیوەست دەبێ.



ج- ئەنجوومەنی ویلایەت یان پارێزگا خۆی قانوون و نیزامەکانی خۆجێیی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان دادەنێ کە لەگەڵ دەستوری کۆماردا نالێکییەکی نابێ.

د- ئەنجوومەنی جێبەجێکردن لە چوارچێوەی سنووری ویلایەت یان پارێزگا ئەم کاروبارانەی خوارەوە بەڕێوەدەبا:

1- جێبەجێکردنی ئەو قانون و نیزامانەی کە ئەنجوومەنی یاسادانانی ویلایەت یان پارێزگا لەم کاروبارانەدا دەری دەکا: داد، بەڕێوەبەرایەتی، پۆلیس، پەروەردە و فێرکردن، تەندروستی، کشتوکاڵ، دارستان، ڕێگاوبان و گەیاندن، شارەوانی، کاروباری کۆمەڵایەتی، ئاوەدانکردنەوە، نیشتەجێکردن، هاوینەهەوارەکان، توتن و ئەو کاروبارانەی تر کە لە تایبەتمەندیی حکومەتی ناوەندی نین.

2- جێبەجێکردنی قانون و نیزامە گشتییەکان کە حکومەتی ناوەندی دەری دەکا و لەگەڵ قەوارەی ویلایەت یان پارێزگادا نالێك نابێتەوە.

3- دامەزراندنی فەرمانبەران و کارگوزاران بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ویلایەت یان پارێزگا.

4- زمانی کوردی زمانی ڕەسمی ویلایەت دەبێ لەگەڵ زمانی عەرەبی و ڕەچاوکردنی مافی کەمینەکان لە بەکارهێنانی زمانی خۆیان.

5- دارایی ویلایەت یان پارێزگا لەمانە پێکدێت:

أ- داهاتە ناوچەییەکان و باجەکان و ڕەسمەکان کە لە ناوەوە کۆدەکرێتەوە.

ب- پشکی ویلایەت یان پارێزگا لە داهاتەکانی گومرگ و فرۆکەخانەکان بەپێی ڕێژەی دانیشتوان و هەروەها پێدانی بڕی ئەو پارانە کە حکومەتی ناوەندی پێی دەبەخشێ یا بە قەرز دەیداتێ.

ج- پشکی ویلایەت یان پارێزگا لە داهاتەکانی گومرگەکان و فرۆکەخانەکان و بەندەرەکان بەپێی ڕێژەی دانیشتوان لە چاو دانیشتوانی عیراق.

د- پشکی ویلایەت یان پارێزگا لە داهاتی نەوت بەپێی ڕێژەی دانیشتوان لە چاو دانیشتوانی عیراق.

6- مافەکانی هاوڵاتییان لە کەمینەکانی ویلایەت یان پارێزگا: قانوونەکان و نیزامەکان لە ویلایەت یان پارێزگا دەستەبەری مافە کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و ئازادییە دیموکراسییەکانی هاووڵاتییانی دانیشتووی کوردستان دەکا بۆ زامنکردنی یەکسانییان لە ئەرکەکان و مافەکانیان لەگەڵ ڕۆڵەکانی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد، و لە ویلایەت یان پارێزگا و ئەنجوومەنی جێبەجێکردندا بەرێژەیەکی دادپەروەرانە نوێنەریان دەبێ.

7- جێگری سەرۆك کۆمار کورد دەبێ و لە لایەن ئەنجوومەنی یاسادانانی ویلایەت یان پارێزگاوە هەڵدەبژێردرێ.

8- مادە گشتییەکان:

أ- دانیشتوانی ویلایەت یان پارێزگا لە کابینەی حکوومەتدا جێگری سەرۆك وەزیران و ژمارەیەك وەزیریان دەبێ کە لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانی عیراقدا بگونجێ.

ب- ڕێژەی فەرمانبەرانی کورد لە وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی ناوەنددا بەرێژەیەکی ئەوتۆ دەبێ کە لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانی ویلایەت یان پارێزگای کوردستاندا گونجاو بێ.

ج- ژمارەیەك لە قوتابیانی ویلایەت یان پارێزگا کە لەگەڵ ڕێژەی دانیشتواندا گونجاوبێت لە زانکۆی بەغدا و پەیمانگا بەرزەکانی عیراقیدا وەردەگیرێن و هەروەها لە نێردە و زەمالەکانی دەرەوە بۆ خوێندن وەردەگیرێن.

9- کاروباری سەبارزی



أ- هێشتنەوەی هێزە نیشتمانییەکانی پێشمەرگە هەروەکو ئێستا کە هەیە تا ئەو کاتەی لیژنەی ویلایەت یان پارێزگا پێکدێ و دوای ئەوە گۆڕینی بۆ هێزێکی نیزامی بەناوی (دەرەك) یان پاسەوانیی سنوور و دیاریکردنی بە بیست هەزار چەکدار.

ب- ڕۆڵەکانی ویلایەت یان پارێزگا ماوەی خزمەتی ئالا (خزمەتی سەربازی) خۆیان لە سنورەکەدا بەجێدەهێنن.

ج- ئەفسەر و پلەدار و سەربازانی کورد کە بە هۆکاری سیاسی نەتەوەییەوە دەرکراون یان خانەنشین کراون دەگەڕێنەوە بۆ سەر وەزیفەکانیان و ئەو ماوەیەش کە لە ریزی هێزەکانی پێشمەرگەدا بوون بۆ مەبەستی پلە بەرزکردنەوە و خانەنشینی بە خزمەتی کردەنی بۆیان حسێب دەکرێ.

د- ڕۆڵەکانی ویلایەت یان پارێزگا لە ئەفسەر و پلەدار و سەربازان ئەگەر میلاك هەبێت، جگە لە حاڵەتەکانی جەنگ، ئەوا لە سنووری یەکە سەربازییەکانی ویلایەت یان پارێزگادا خزمەت دەکەن.

هـ- ژمارەیەك لە قوتابیانی ویلایەت یان پارێزگا بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتوان لە کولێژە سەربازییەکان و پۆلیس و ئەرکان و فرۆکەوانیی و دامەزراوە سەربازییەکانی تردا وەردەگیرێن.

و- ڕاگەیاندنی حوکمی عورفیی لە ویلایەت یان پارێزگا لە حاڵەتی جەنگ یان بوونی مەترسییەکی ڕاستەقینەی دەستدرێژییەکی دەرەکی بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی یاسادانانی ویلایەت یان پارێزگا دەبێ.

ز- حکوومەتی ناوەند بۆی هەیە هێزێکی زێدەبار بنێرێتە ناوچەی کوردستان ئەگەر هاتوو ڕووبەڕووی هێرشێکی دەرەکی یان بوونی هەرەشەیەکی ڕاستەقینە لەسەر کۆماری عیراق هەبوو، جگە لەم حاڵەتانە پێویستە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی یاسادانان و جێبەجێکردنی لە کوردستان وەربگرێ بەجۆرێك کە ناوەڕۆکی ئەم مادەیە نەبێتە کۆسپ لەبەردەم هەستانی سوپای عیراقی بە مەشق و مانۆڕە ئاساییەکانی خۆی.

ح- هەستانی یەکەکانی سوپای عیراقی بەجووڵانەوەی سەربازیی و ئامادەکاریی -واتا تەکتیکیی- لە ناوەوەی کوردستان بە رەزامەندیی ئەنجوومەنی یاسادانان یاخود لەسەر داوای ئەنجوومەنی جێبەجێکردن دەبێ.

10- هەردەقێکی یاسایی جا لەهەر سەرچاوەیەکەوە دەرچووبێ بە بەتاڵ (باطل) دادەنرێ ئەگەر ببێتە هۆی کۆتکردنی مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی گەلی کورد و بوارەکانی بەهرەمەندبوونی لەم مافانە بەرتەسك بکاتەوە.

11- دەربارەی ئەو شتانە کە پەیوەستن بە جێبەجێکردنی ئەم داخوازییانەوە:

أ- لیژنەیەکی هاوبەش بە ژمارەیەکی یەکسان لە هەردوولا پێکدێت بۆ دەرکردنی قانونی پێکهێنانی ویلایەت یان پارێزگای کوردستان، و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ویلایەت یان پارێزگا و دانانی ئەم بەندانە و ئەوانیتریش لەواری جێبەجێکردندا.

ب- لیژنەی هاوبەش، لێکۆڵینەوە و بڕیار لەسەر هەموو ئەو رێوشوێن و راسپاردانە دەدا و پرۆژەی قانون و نیزامەکان کە پێی وایە کارێکی پێویستە کە حکوومەت دەری بکا، ئامادە دەکا بۆ ئەوەی متمانە لە نێوان هەردوو لادا بەهێز ببێت و پەیوەندی برایەتی لە نێوان عەرەب و کوردا پتەو ببێت و هەر نالێکییەك (خلاف) بخرێتە لاوە و هەر چەشنە خراپحاڵێبوونێك سەبارەت بە لێکدانەوەی تایبەتمەندییەکان و ئەرکەکان نەمێنێ و یەککەوتن و گونجانێك لە نێوان حکوومەتی ناوەندی و وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی و لە نێوان دەسەڵاتەکان و دەزگاکانی ویلایەت یان پارێزگا بێتەدی.

ج- جێبەجێکردنی ئەو کاروبارانەی کە لە هەردوو بڕگەی (ئەلیف — بێ)دا لە مادەی (10)ی سەرەوەداهاتووە بە زووترین کات یان هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ویلایەت یان پارێزگا بۆ ئەوەی لە ماوەی چوار مانگدا لە بەرواری رەزامەندی کردن لەسەر پرۆژەکە، دەست بە ئەرکەکانی خۆی بکا.



د- پەلەکردن لە تەرخانکردنی بڕە پارەی گونجاو بۆ دابەشکردنی قەرەبووکردنەوەیەکی دادپەروەرانە بۆ هەموو تاکەکانی هێزە نیشتمانپەروەرەکانی پێشمەرگە بەسەرپەرشتی لیژنەیەکی تایبەتی هاوبەش کە لە هەردوولا بۆ ئەم مەبەستە پێکدێت.

هـ- تەرخانکردنی بڕە پارەی گونجاو بۆ دابەشکردنی قەرەبوویەکی دادپەروەرانە بۆ هەموو زیانلێکەوتوانی سەروماڵی کە بەهۆی رووداوەکانی کوردستانەوە زیانیان لێکەوتووە ئەمەش بە سەرپەرشتی لیژنەیەکی هاوبەش و بەزووترین کات.

و- گێڕانەوەی عەشیرەتە عەرەبەکان لەوانەی کە بەعس لە گوندەکانی کوردستان نیشتەجێی کردوون، بۆ شوێنە ئەسڵییەکانی خۆیان، و گێڕانەوەی خاوەنە ئەسڵییەکانی خۆیان بۆ ئەو جێگایانە بە زووترین کات.

ز- پەلەکردن بۆ گێڕانەوەی هەموو فەرمانبەران و خزمەتگوزاران کە لە وەزیفە دەرکراون یان خانەشین کراون یان ئەوانەی بەهۆی رووداوەکانی کوردستانەوە دەرکراون بۆ سەر وەزیفەکانی پێشوویان لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی کە پێیان گەیشتووە و دانانی ماوەی دابڕانیان لە وەزیفە بە خزمەتی کردەوەیی بۆ مەبەستی مووچە بەرزکردنەوە و خانەنشین کردن.

ح- هەڵوەشاندنەوەی فورسان و چەك داماڵین لێیان و گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنی پێشوویان.

ط- پەلەکردن لە ئازادکردنی هەموو گیراوەکان و حوکمدراوەکان بەهۆی رووداوەکانی کوردستان و دەرکردنی لێبوردنی گشتی لە حوکمدراوەکان و گیراوەکان و دوورخراوە سیاسیەکان لە عیراق.

12- هەموارکردنی مادەی یەك لە دەستوری کاتی کە دەڵێ:

(گەلی عیراقی پاژێکە لە نەتەوەی عەرەب) بۆ: (گەلی عەرەبی لە عیراق پاژێکە لە نەتەوەی عەرەب).

13- زیادکردنی ئەم مادەیەی خوارەوە بۆ سەر دەستووری کاتی:

(نەتەوەی کورد بەهەمان ئەو ئاستە گەشە دەستێنیٚ کە نەتەوەی عەرەب لە رووی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیرییەوە پەرەدەستێنیٚ).

14- دەستەبەرکردنی مافەکانی کەمینەی کوردی لە دەرەوەی سنووری ویلایەت یان پارێزگای کوردستان. و یەکسان کردنییان لەگەڵ هاوولاٚتیانی تردا لە مافەکان و ئەرکەکانیاندا.

15- لە حاڵەتی بەرپابوونی یەکبوونێك یان یەکێتییەك لە نێوان عیراق و هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبییدا، ویلایەت یان پارێزگای کوردستان دەبێتە هەرێمێك کە هەمان ئەو مافانەی دەبیٚ کە باقی هەرێمەکانی تر کە ئەو یەکبوونە یان یەکێتییەکان پێکیان هێناوە و پابەندی هەمان ئەو ئەرکانە دەبیٚ کە هەرێمەکانی تر هەیانە و بە هەرێمی کوردستان ناودەبریٚ.

**لە کۆتاییدا جەنابی سەرۆك تکام وایە رێزم قبووڵ بکەن.**

**دەقی قسەکانی مامۆستا بەزاز کە لە رادیۆوە پەخشکرا تایبەت بوو بە (خاڵی هەرە گرنگ و کۆتایی) ئەمەیە:**

**بارودۆخ لە باکووری نیشتیمان**

لەوانەیە بێتەوە بیرتان کە من لە ئاخاوتنی پێشوومدا، لە دیدارێکی رۆژنامەوانیدا پاش کۆچکردنی لە دەستچوومان خوالێی خۆشبێت، گوتم رووم کردە برایانمان لە باکووری نیشتیمان و پێم گوتن کە ئێمە ئامادەین دانبەبوونی نەتەوەی کورددا بنێین... و بیٚ کەموکورِیی و بەتەواوی دان بە مافە نەتەوەییەکانی هاولاٚتیانی کوردماندا بنێین... و ئێمە و ئەوان لەم نیشتیمانەدا برای یەکترین.



ئەم بانگەوازە کە کردم، ئێمە هەروا بە هەموو تواناکانمانەوە کار بۆ هێنانەدی دەکەین، و من ناڵێم کە ئێمە گەیشتووینە قۆناغی کۆتایی سەرکەوتنی تەواو، بەلاٚم بەتەوازووعەوە دەڵێم کە ئێمە بەلای هەرە کەمەوە نیوەی رێگامان بڕیوە.

دەستەیەکی گەورە لە برایانمان لە رۆڵەکانی باکووری نیشتیمان، لە راستگۆیی مەرامەکانی ئێمە گەیشتوون، و وەلاٚمی بانگەوازەکەیان دایەوە، و تکاشم وایە کە هەموو برایانمان وەلاٚمی ئەم بانگەوازەمان بدەنەوە چونکە بانگەوازێکی دڵسۆزانەیە و لە دەروونێکەوە دەردەچیٚ کە هەموو رۆڵەکانی ئەم نیشتیمانەی خۆشدەویٚ و جیاوازی نییە لە نێوان رۆڵەکانی باکوور و رۆڵەکانی باشوور، بانگەوازێکە کە لە ئیرادەیەکی خاوەن باوەڕ هەڵقوڵاوە کە بە هەموو تواناکانمانەوە، بیٚ دوو دڵی و بەهەموو دڵسۆزییەکەوە کار بۆ ئاشتی و بنیاتنان دەکەین... جارێکی تریش رووەدەکەمە برایانمان لەوانەی کە هێشتا چەکیان پێیە کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێنەوە لای حکوومەتی خاوەن شەرعیەتی خۆیان و وەلاٚمی بانگەوازی دڵسۆزانەی بدەنەوە.

ئێمە پرۆگرامێکی تەواومان بۆ سیاسەتی خۆمان سەبارەت برا کوردەکانمان ئامادە کردووە کە پرۆگرامێکە بریتییە لە:

دانپێدانانی تەواو بە مافە نەتەوەییەکانیان و بوار رەخساندن بۆ چالاکییەکانیان کە پەیوەستە بە خۆیان و قەزاکانیان و لیواکانیان و بوار رەخساندن بۆ چالاکییەکانیان کە پەیوەستە بە کاروبارەکانی خۆیان وێرای دانپێدانانی تەواو بە زمانی ئەوان... و کەلەپوری فیکریی و هەموو پێداویستییە نەتەوەییەکانیان، لەگەڵ دەرکردنی لێبووردن بۆ هەموو ئەوانەی کە چەکەکانیان فڕیٚ دەدەن لەگەڵ کارکردنی بێوچان لە پێناوی:

ئاوەدانکردنەوەی هەموو گوندەکان و هەموو شارەکان و هەموو مەزراکان کە بە هۆی ئەو زەبروزەنگەوە لە بەین چووبوون، هەروەها کۆمەڵە پێداویستییەکی تر کە بەم نزیکانە بە یاریدەی خوا لە رادیۆوە پەخشی دەکەین.

ئینجا ئەو کاتە عەرەب و کورد دووبارە دەبنەوە بە برای یەکتری و یەکتریان خۆشدەوێ و لەم نیشتیمانەدا یەك خاك بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە کە خاکی خۆیانە. ئەوان بەر لەوەش برابوون کە یەك ئایین بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە و یەك کەلەپوور کۆیان دەکاتەوە، و یەك بەرژەوەندییان هەیە.

عیراق، تەنیا عیراقی عەرەب نییە، بەڵکو عیراقی عەرەب و کوردە وەکویەك، چەند جوانە کە برایەتی عەرەب و کورد وەکو راستییەك بگەڕێتەوە ناو ئەو قەوارەیە و سەربازی عەرەب و سەربازی کورد دەست بکەنە ملی یەکتر، ئەویش نەك لە بەغدا و نەك لە سلێمانی... بەڵکو لە پێچەکانی (حوتەین)، بۆ ئەوەی شکۆمەندییەکانی سەلاحەدین بگێڕنەوە و هەروەها بۆ ئەوەی نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی ئیسلامی بگەڕێتەوە... و بۆ ئەوەی عیراق بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردییەوە بگەشێتەوە.

برایان: ئەمەش بابەتێکی گرنگ و وردە کە داوامان لێدەکا کۆششێکی بەردەوام و کاری بێوچان، و دیداری بەردەوام بکەین، و من ناڵێم دان و ستاندن... چونکە دانوستاندن لە نێوان نەیاراندا بەرێوەدەچێ و کورد و عەرەب دوو دەوڵەتی بەشەڕهاتوو نین... بەڵکو برای یەکترین، کە ماوەیەك جیاوازییان لێپەیدا بووە... ئەوان دەبێ پەی بەوە ببەن کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە چەك فڕێ بدرێ، و ئەو وزە و توانا گەورەیەی کە ئەمڕۆ لە رووخاندن و وێران کردن بەکاردێ پێویستە لە بنیاتنان و ئاوەدان کردنەوەدا بخرێتەکار، و سووپا ئازاکەشمان ئەو سووپایەی کە بە ئەرکی خۆی هەستاوە، هێشتا هەر پایەدارە... سووپاکەمان بەرپرسیارێتییەکانی خۆی دەزانێ و پارێزگاریی لە یەکپارچەیی ئەم



نیشتیمانە دەکا و لە کاری بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە و پاراستنی هەموو هاوڵاتیانیشدا بە رۆڵێکی مەزنتر هەڵدەستێ.

جا تکای من لە هەموو هاووڵاتیان ئەوەیە کە متمانە بە سووپای خۆیان بکەن... و لێی دڵنیابن... و بزانن کە ئەو سووپایە پاسەوانی ئەوانە... ئەم سووپایە، کاتێك کە توندوتیژیی وەك پێویستییەك پاساوی نامێنێ، باوەڕی بە توندوتیژی نییە...

سووپاش... لەو کاتەدا کە رێگای ئاشتی کراوەیە... و لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە داوای ئاشتی. ئەویش هەروەکو ئێمە ئاشتی دەوێ.

ئەو پرسانە کە من تکادەکەم بە رووی راستی خۆیدا لێك بدرێتەوە و دڵسۆزانە تکادەکەم کە هەموو ئەوانەی چارەنووس و سەلامەتیی ئەم وڵاتەیان بەلاوە گرنگە، وەڵامدانەوەیان بۆی هەبێ. من دەزانم کە دەستەیەك لە برایانمان، و لەوانەیە لە ناو عەرەبیشدا هەبن. کە نکۆڵی لەم سیاسەتە دەکا و بەلاواز و بوودەڵەی دەزانن و تەنیا بە لەناوبردنی دواین یاخیبوو ئنیجا رازی بن.

من بەوانە دەڵێم... و بە دڵسۆزیشەوە پێیان دەڵێم: کە بارودۆخ لە باکووری نیشتیمان ئەگەر لە رێگای رەزامەندیی و یەکلاکردنەوەیەکی ماقووڵانەوە ئەنجام نەدرێ... دانپێدانانی تەواو بە مافەکانی بەرامبەر نەیەتەدی... هەرگیز لە تواناداا نابێ کە کۆتایی پێ بهێنرێ، و ئێمە ئەگەر هەزار یان پێنج سەد کەس... یا تەنانەت پەنجا کەسیشمان لێ هێشتنەوە کە رازی نەبن، ئەوا دەتوانن ناوچەکە بخەنە باری شێواوییەوە، و ئەوەندە ئالۆزی و نائارامی بنێنەوە کە ئارامی دانیشتوان تێکبدەن.

ئەگەر زانیمان کە لەو دیو سنوورەکانەوە خەڵکانێك هەن کە ئارامی و سەقامگیرییان بۆ ئەم وڵاتە ناوێ، و خەڵکانێك هەن کە دەیانەوێ جەنگ لە نێوان براو برادا هەڵبگیرسێنن، خەڵکانێك هەن کە بەرژەوەندییان لە پارچە پارچەکردنی ئەم وڵاتەدایە و خەڵکانێکن کە تموحیان لە هێندێك زەوی و ئاوەکەی دایە.

ئەگەر ئەوەمان زانی، ئەوا پێویستە پەی بەوەببەین کە ڕێگای ئاشتی باشترینە، (وان جنحوا للسلم فاجنح لها)، و حکوومەت لە لایەنی خۆیەوە بۆ جاری دووەم ڕایدەگەیەنێ –لەوانەشە بۆ جاری دەیەم- کە بە ئارەزوویەکی دڵسۆزانەوە ئارەزوومەندە کە کێشەی باکووری نیشتیمان لەسەر ئەم بنەمایە یەکلابکرێتەوە کە ئێستا بە پوختی خستمەڕوو... و بەم زووانە بە مادەگەلێکی تێروتەسەل، و ڕێساگەلێکی ڕوون لە ڕادیۆوە پەخشی دەکەم... و جێگایەکی بۆ لێشێواندن نابێ و لەمڕۆ بەدواوە –خوا یاربێ- بانگەشەی لێك جیایی ناکەین... من تەواو دڵنیام کە زۆرایەتی برایانمان لە باکوور و غەیری باکوور، و لەناوچە کوردییەکاندا... هەروەها ناوچە عەرەبییەکانیشدا.... وەڵامی ئەم بانگەوازە دڵسۆزانە دەدەنەوە بۆ ئەوەی ڕادەیەك بۆ کارەساتەکان دابنێین... ئیتر باخوێن ڕشتن بەس بێ... کارەسات بەس بێ... فرمێسك ڕشتن بەس بێ... و بۆمبامان بەس بێ... و کوشتنمان بەس بێ... دەمانەوێ بنیاتنان بکەین... دەمانەوێ ئاوەدانکردنەوە بکەین... دەمانەوێ بە ئاشتی بژین و چەند خۆشە بگەڕێینەوە بۆ خۆشەویستی هەروەکو کە لە پێشان بووین... چەند باشە ئەم دوو نەتەوەیە ببینەوە بە یەك گەل... چەند خۆشە ببینەوە بە برا و لە پێناوی ئاوەدانکردنەوە و دروستکردن و بنیاتنان و لە پێناوی بەختەوەری هەموو تاکەکاندا کار بکەین... بێ جیاوازی لە نێوان عەرەب و کورد و ئەوانیتر لە هاووڵاتیان بە هەموو ڕەنگی جیاجیایانەوە لە نەژاد و ئایین.

من دەزانم ئەم کارە گرنگ دێتە بەرچاو... و من دەزانم کە لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا تەواو نابێ بەڵام ئێمە ڕێگەی بۆ خۆش دەکەین. و ئەمەی کە ئەمڕۆکە ڕایدەگەینم کاری حەفتە و چەند حەفتەیەك نییە.

ئێستاکە گەیشتووینەتە زیاتر لە نیوەی ڕێگاکە. من خۆم بە بەختەوەرترین بوونەوەری خوا دەزانم کاتێك کە ئەو تکایەی خۆم کە پاش حەفتەیەك یان چەند حەفتەیەکی تر وەکو مەدای کۆتایی کارەکە ڕایدەگەیەنم و پاش دوو هەفتە لە



ڕۆژی 1966/6/29 بەیاننامەیەك لەبارەی سیاسەتی حکوومەت لە باکووری عیراق دەمی ئێوارە لە بەغداوە پەخش دەکەم بۆ کۆتایی هێنان بە بارودۆخی نائاسایی لەوێ و هێنانەدی یەکێتی نیشتمانی وڵات.

ئەوەبوو ئەم بەیاننامەیە لە یەك کاتدا لە ڕادیۆ و تەلەفزیونەوە لە بەغدا لە لایەن دکتور عەبدولرەحمان بەزاز سەرۆك وەزیرانی عیراق - و ڕێزدار حەبیب محەمەد کەریم ئەندامی شاندی کوردی لە ئاخاوتنەکانی یەکێتیدا کە لە ماوەی دوو حەفتەی ڕابردوودا لە پایتەختی عیراقیدا بەڕێوەچوو و ئەوەبوو حەبیب محەمەد کەریم بەیاننامەکەی بە زمانی کوردی خوێندەوە.

پاش پەخش بوونی بەیاننامەکە کە بنەماکانی یەکێتی نیشتمانی و چارەسەرکردنی کێشەی کوردەکان لە دوازدە مادەدا دیاری دەکا، مەلا مستەفا بارزانی بروسکەیەکی بۆ سەرۆك عەبدولرەحمان عارف و دکتور بەزاز نارد کە تێیدا پشتیوانی خۆی بۆ ناوەڕۆکی بەیاننامەکە و هەروەها ئەوەش کە ئەو لە لای خۆیەوە کار بۆ هەموو ئەو شتانە دەکا کە لە بەیاننامەکەدا هاتووە. ئەو لە بروسکەکەیدا گوتوویە:

((ئەوەی لە بەیاننامەکەدا هاتووە دەربڕینێکی ڕاستگۆیانەی ڕۆڵەکانی گەلە بە عەرەب و کوردەوە بۆ هێنانەدی هەوڵەکانی عیراق لە ئاشتی و بووژانەوە... و هێنانەدی یەکێتی نیتشیمانی)).

**ئەو بەیاننامەیەش کە هەر کام لە دکتور بەزاز و بەڕێز حەبیب محەمەد کەریم لە ڕادیۆوە خوێندیانەوە 12 مادە دەگرێتە خۆی، ئەمە دەقەکەیەتی:**

1- دانپێدانانی حکوومەت بە نەتەوەی کورد لە دەستووری هەمیشەییدا، بە جۆرێك کە داڕشتنەکەی ببێتە ئەوەی کە دوو نەتەوەی سەرەکی هەن کە: عەرەب و کوردەکانە، هەروەها دانپێدانانی لە قانونی پارێزگاکاندا لەسەر

بنەمای لامەرکەزی بەجۆرێك کە هەر لیوایەك و هەر ناحیەیەك کەسایەتییەکی مەعنەوی دانپێدانراوی هەبێ.

2- دانپێدانانی حکوومەت بە زمانی کوردی وەکو زمانێکی رەسمیی لەگەڵ زمانی عەرەبی لەو ناوچانەدا کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن، و ئەم زمانەش لەگەڵ زمانی عەرەبی زمای فێرکردن دەبێ.

3- بەشداری پێکردنی کوردەکان لە ئەنجومەنی نیشتیمانی داهاتوودا بە ژمارەیەك کە لەگەڵ ژمارەی هەموو دانیشتوواندا گونجاو بێت.

هەروەها کوردەکان لەگەڵ برا عەرەبەکانیاندا لەگشت وەزیفە گشتییەکاندا بەپێی رێژەی دانیشتوان بەشداری دەکەن.

4- تەرخانکردنی ژمارەیەك لە نێردە و دەرفەتە بەخشراوەکان بۆ خوێندن لە هەموو لقەکاندا و لە هەموو ئاستەکاندا بۆ کوردەکان بۆ ئەوەی بنێردرێنە دەرەوەی وڵات، و گرنگیدانی زانکۆی بەغدا بە خوێندنی زمانی کوردی.

5- رێگادان بە کوردەکان بە دامەزراندنی رێکخراوی سیاسی لە سنووری قانون و مافی گوزارشت کردن لە ئارەزووەکانی خۆیان لە رۆژنامە کوردییەکان... و عەرەبییەکاندا.

6- دەرکردنی لێبووردنی گشتی لە هەموو ئەوانەی کە لە کاری توندوتیژیدا لە باکوور بەشدارییان کردووە کاتێك کە هەموو ئەم کارانە کۆتایی پێهات، هەموو فەرمانبەرانی کورد بۆ وەزیفەکانی پێشوویان دەگەڕێنەوە.

7- دەرکردنی رێنوێنی بۆ گشت کەسانی هێزە چەکدارەکان و پۆلیس کە دوای دەرچوونی ئەم بەیاننامەیە دەست بکەن بە گەڕانەوە بۆ یەکەکانی خۆیان بە چەکەکانیانەوە و دەبێ ئەم کارە لە ماوەیەکدا جێبەجێ ببێ کە بەلای زۆریەوە دوو مانگ دەبێ.



8- کوردەکان چەکەکانی خۆیان... و کەرەسەکانی جەنگییان تەسلیم بە حکوومەت بکەن ئەو حکوومەتەی کە کار بۆ گەڕانەوەی ئەوان بۆ سەر ژیانی سرووشتی خۆیان دەکا و لەو ماوەیەدا حکوومەت لە بەرامبەر ژیانی ئەواندا بەرپرسیار دەبێ.

9- گەڕانەوەی حاکمە کوردەکان بۆ جێگاکان و بۆ سەر پلەکانی خۆیان پاش جێگیر بوونی ئارامیی و گەڕانەوەی ئاشتی.

10- پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی کوردی، بەجۆرێك کە برە پارەی پێویستی بۆ تەرخان بکا، و سپاردنی بەرێوەبەرایەتی کار و بەرژەوەندییەکانی باکووور بە وەزیرێکی بەرپرس، و خەرج کردنی دراوەکان کە بۆ بەرهەڵستی توندوتیژی لە باکوور خەرج دەکرێ، لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە بخرێتە کار.

11- قەرەبووی هەموو ئەوانەی کە بەهۆی کاری توندوتیژییەوە لە باکوور زیانیان پێگەیشتووە، بکرێتەوە، و چاودێری هەموو قوربانییەکانی ئەو کاروکردەوانە، بکرێ.

12- تەنیا حکوومەت خۆی لە ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەرپرسیارە، و حکوومەت، سووپا و هێزی چەکداری ئەوەندەی هەیە کە بتوانێ ئەم ئەرکە پیرۆزە بەجێ بهێنێ.